Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10228

# ڕۆڵی سەنتەرەکانی ئۆتیزم لە کەمکردنەوەی گرفتی خێزانی منداڵی ئۆتیزم

## توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە سەنتەرەکانی ئۆتیزم لە شاری سلێمانی

**کوێستان علی عبدالله**

کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی ، هەرێمی کوردستانی عێراق

**Article Info**

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted August, 2022

**Keywords**

ئۆتیزم ، تێکچوونە دەروونی ، گرفتی خێزانی ، خاوەنی منداڵی ئۆتیزمن

**Corresponding Author**

**پوختەی:**

ئۆتیزم نەخۆشیەکی سەردەمیانەیە یەکێکە لەو تێکچوونە دەروونی و ژیریانەی کە توشی بەشێك لە منداڵان دەبێتەوە لە تەمەنی سێ ساڵیەوە هەستی پێ دەکرێت , بەهۆی ئەوەی کێشە لە ڕێڕەوی گەشەکردی مێشکدا هەیە , ئەم توێژینەوەیە (ڕۆڵی سەنتەرەکانی ئۆتیزم لە کەمکردنەوەی گرفتی خێزانی منداڵی ئۆتیزم) یەکێکە لەو هەوڵانەی ئامانجی دەرخستن و گرنگی پێدانی کێشەی ناو ئەو خێزانەیە کە منداڵی ئۆتیزمیان هەیە وە دەرخستنی ڕۆڵی سەنتەرەکان لە کەمکردنەوەی ئەو ئەرك و کێشە و گرفتانەیە کە خێزانی منداڵی ئۆتیزم بە دەستیەوە دەناڵێنێت هەر لەبەر ئەوەیە پێویستە پلانێك دابنرێت بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری جۆراوجۆر کە پەیوەندی بە بارودۆخی ژیانیانەوە هەیە . تەواوی ئەم توێژینەوەیە سەبارەت بە ناساندنی سەنتەری ئۆتیزم بە کۆمەڵگەی کوردی و ئەو خێزانانەی کە منداڵی ئۆتیزمیان هەیە لەشاری سلێمانی لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا بۆمان دەرکەوت بەهۆی کۆکردنەوەی زانیاری بەشێوەی ورد دەربارەی سەنتەرەکان لە پارێزگای ( سلێمانی ) بەسەردانیکردنێکی ڕاستەوخۆ , وە سودبینین لە سەرچاوەکان وە دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی بەسەر ئەو خێزانانەی کە خاوەنی منداڵی ئۆتیزمن , گەیشتن بە بەدیهێنانی ئەم ئامانجەمان وەخستنەڕووی ئەو کێشانەی کە سەنتەرەکان پێوەی دەناڵێنن لەکاتی چاودێریکردنی ئەو منداڵانەدا . هەروەها هۆشیار کردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە سەبارەت بە تێکچوونی ئۆتیزم بۆ ئەو خێزانانەی کە خاوەنی منداڵی ئۆتیزمن.

**پێشەکی:**

ئۆتیزم نەخۆشیەکی سەردەمیانەیە یەکێکە لەو تێکچوونە دەروونی و ژیریانەی کە توشی بەشێك لە منداڵان دەبێتەوە لە تەمەنی سێ ساڵیەوە هەستی پێ دەکرێت , بەهۆی ئەوەی کێشە لە ڕێڕەوی گەشەکردی مێشکدا هەیە , کە کۆمەڵێك هۆکاری جیاواز و نامۆن بونەتە هۆکار بۆ ئەو نەخۆشیە یان ئەو تێکچوونە , هەرچەندە هۆکارە بنەڕەتیەکەی تا ئێستا نەزانراوە , بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەگێڕنەوە بۆ هۆکاری بۆ ماوەیی و بوونی خێزانێکی پەراوێز خراو و بێ دەنگ , وە بە تێپەڕبوونی کات چەندین جۆر و نیشانە و هۆکاری جیاوازی بۆ دۆزرایەوە , وە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی جۆراوجۆری لەسەر کراو کۆمەڵێك بیر و بۆچوونی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا . ئەم تێکچونە لە هەرێمی کوردستاندا تا ڕادەیەك نوێیە لە هەردوو بواری دەستنیشان کردن و توێژینەوە ئەمەش ئەوە ناگرێتەوە کە کەسی ئۆتیزم بوونی نەبووبێ بەڵام بەهۆی نەزانین و بێ ئاگایی لەم نەخۆشیە بە چەند ناوێك ژیانی گوزەراندووە دور نیە چەندین چارەسەری هەڵە و داب و نەریتی کۆن بەسەردا جێبەجێ کرابێت , بەڵام لە ئێستادا بەهۆی کرانەوەی

کۆمەڵگەکان بەڕوویی یەکتر و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریەکان لەنێوان یەکتردا ئەم نەخۆشیە بەشێوەیەکی زانستیانە بڕیاری لەسەر دەدرێت ئەم توێژینەوەیە (ڕۆڵی سەنتەرەکانی ئۆتیزم لە کەمکردنەوەی گرفتی خێزانی منداڵی ئۆتیزم) یەکێکە لەو هەوڵانەی ئامانجی دەرخستن و گرنگی پێدانی کێشەی ناو ئەو خێزانەیە کە منداڵی ئۆتیزمیان هەیە وە دەرخستنی ڕۆڵی سەنتەرەکان لە کەمکردنەوەی ئەو ئەرك و کێشە و گرفتانەیە کە خێزانی منداڵی ئۆتیزم بە دەستیەوە دەناڵێنێت هەر لەبەر ئەوەیە پێویستە پلانێك دابنرێت بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری جۆراوجۆر کە پەیوەندی بە باروودۆخی ژیانیانەوە هەیە . تەواوی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە دوو دەروازە دەبینێتەوە :

دەروازەی یەکەم/ لایەنی تیۆری لە چەند بەش و تەوەرەیەك پێکدێت کە بەشی یەکەم باس لە چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە دەکات کە خۆی لە چەند خاڵێکدا دەبینێتەوە یەکەم کێشەی توێژینەوەکە دووەم گرنگی توێژینەوەکە سێیەم ئامانجی توێژینەوەکە. وە تەوەرەی دووەم باس لە پێناسەکردنی چەمکەکان دەکات کە خۆی لە چەند چەمکێك وە بەشی دووەم پێکدێت لە تەوەرەی یەکەم باسی لە سەرەتایەکی مێژوو دەربارەی ئۆتیزم و سەنتەرەکانی ئۆتیزم دەکات. دەروازەی دووەم / لایەنی مەیدانی لە چەند بەش و تەوەرەیەك پێکدێت کە باس لە چوارچیوەی میتۆدی توێژینەوە و ڕێو شوێنە مەیدانیەکان دەکات کە پێکدیت لە یەکەم میتۆدی توێژینەوە و سنوری توێژینەوە وکۆمەڵگەی توێژینەوە کە وئامرازەکانی توێژینەوە کە وخستنەرووی خشتە ئاماریەکان و شیکردنەوەی زانیایەکان دەکات ئەنجام و دەرئەنجامەکان دەخرینە روو وە دواتر ڕاسپاردە و پیشنیاەکان وە لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆکان دەخریتەرو.

## تەوەری یەکەم / چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

**یەکەم: کێشەی توێژینەوە:** ئاشکرایە لەهەموو توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتیدا پێویستە دیاردەیەك یان کێشەیەك بونی هەبێت و سەرنجی توێژەر ڕابکێشێت بۆ لێکۆڵینەوە ، وەیەکێك لە قورسترین ئەوکارانەی توێژەر پێی هەڵدەستێت بریتیە لە دیاریکردنی بابەتی توێژینەوەکە وەجیاکردنەوەی ئەو بابەتانەی کەپێوەی پەیوەستن .کاتێك بڕیار دەدرێت توێژینەوە لەسەر بابەتێك یان کێشەیەك بکرێت لەکاری کۆەڵایەتیدا دەبێت هەست بە بونی بکرێت لە واقعدا وەك دیاردەیەك یان وەك کێشەیەك .کەواتە دەتوانین بلێین کێشەی توێژینەوە ئەو بابەتەیە کە جێگەی تێبینی و تێرامانی توێژەرە بەهۆی ئەو کێشەیەوە بابەتی توێژینەوەکەی لا گەڵاڵە دەبێت ، ئەوەی پەیوەندی دارە بە کێشەی ئەم توێژنەوەیەوە بریتیە لە:( ڕۆڵی سەنتەرەکانی ئۆتیزم لە کەمکردنەوەی گرفتی خێزانی منداڵی ئۆتیزم ).

**دووەم:گرنگی توێژینەوە :-**گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەلایەنی زانستیەوە دەر دەکەوێ کەهەوڵ دەدات چەند زانیاریەکی زانستی دەربخات لێرەدا ئەم بابەتەمان بۆیە بەگرینگ زانی چونکە تارادەیەکی زۆر پەیوەستە بەتاکەکانی ناو کۆمەڵگە کەمانەوە کەلە ئێستادا بەرەو زیادبونە، هەروەها لە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر (ڕۆڵی سەنتەرەکانی ئۆتیزم لە کەمکردنەوەی گرفتی خێزانی منداڵی ئۆتیزم )هەروەها ئەم بابەتە لە رووی تیۆریەوە باسێکی زانستیە کەهەوڵی پڕکردنەوەی بۆشایی زانستی دەدات واتە هەوڵێکە بۆ بەدەستهێنانی زانستی زیاتر لەسەر بابەتەکە وەبۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کاری کۆمەڵایەتی چونکە توێژینەوە کەمە لەسەر ئەم بابەتە.هەروەها لەڕوی پراکتیکیەوە گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوە دایە کەئەم بابەتە (بەپێ زانیاری توێژەر)توێژینەوەی کەمی لەسەر ئەنجامدراوە ، وەلە ڕێگەی ئەنجام دانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە وە کۆمەڵێ وەڵام مان دەسەکەوێ ،دەتوانین بەشێوەیەکی زانستی و ڕاست و دروست و پشت بەستن بە زانیاریەکان بۆشیکردنەوەی (ڕۆڵی سەنتەرەکانی ئۆتیزم لە کەمکردنەوەی گرفتی خێزانی منداڵی ئۆتیزم ) سێیەم:ئامانجەکانی توێژینەوە:-

**ئامانجەکانی توێژینەوەیە:**

1-ناساندنی سەنتەری ئۆتیزم بە کۆمەڵگای کوردی وئەو خێزانانەی کەمنداڵی ئۆتیزمیان هەیە لەشاری سلێمانی.

2-خستنەڕووی ئەو کێشانەی کە سەنتەرەکان پێوەی دەناڵێنن لەکاتی چاودێریکردنی ئەو مندالانەدا.

3-دەرخستنی ڕۆڵی سەنتەری چاودێری مندالانی ئۆتیزم لەکەم کردنەوەی گرفتی خێزانی منداڵی ئۆتیزم.

## تەوەری دووەم/پێناسە کردنی چەمکەکان

**یەکەم : ڕۆڵ/**

ئەم دەستەواژەیە هێمایە بۆ دیاردەیەك کەکۆمەڵێ کتێبی ئەساسی لەهەر کۆمەڵگایەکدا لەناوەڕۆکدا ئارەزووی هەموو پارچەکانی کۆمەڵگا بۆدەرکەوتنێکی جوان لەوکردارانەی کە ئارەزوی کەسایەتیەکی پێ جیا دەکرێتەوە(ابراهم،2009: 267).پێناسەی ڕالف لینتۆن 1936: ڕۆڵ بریتیە لە سەرجەم ئەو ئاڕاستەو بەهاو ڕەفتارانەی ، کەکۆمەڵگا ئارەزووی دەکات بۆسەرجەم ئەو کەسانەی کەلە پێگەیەکی دیاریکراودا کاردەکەن.پێناسەی )س. سارجنت (1951):پێی وایە ڕۆڵ بریتیە لە نمونە ، یاخودجۆرێك بۆ ڕەفتاری کۆمەڵایەتی بۆتاکە کەس کە بۆی گونجاوە لەهەڵوێستە دیاریکراوەکاندا لەسایەی

داخوازیوپێشبینیەکانی تاکەکان لەگروپەکاندا(عمر،2012 :10).

پێناسەی ڕێکاری ڕۆڵ :بەکارهێنانی چەمکی ڕۆڵ لەم توێژینەوەیە دا ئەو ڕۆڵەیە کەلە سەنتەرەکانی ئۆتیزم لە شاری سلێمانی ،دەبینین بەمەبەستی پێگەیاندنی منداڵانی ئۆتیزم لەم شارەدا.

**دووەم : سەنتەرەکانی ئۆتیزم/**

بریتیە لەو سەنتەرانەی کە سەر بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتین ، لەساڵی 2009 وە دامەزراون ، کەتێیدا چەند بەرنامەو پرۆگرامێکی تایبەت لەخۆ دەگرێت کەسەرجەمیان بەرنامەو پرۆگرامی جیهانین ، وەبەپێی پێویست بەرنامەکان جێبەجێ کراون.بریتیە لەو سەنتەرانەی لە ڕووی ڕاهێنان و هۆشیارکردنەوەی منداڵانی ئۆتیزم کاری باشیان کردووە ، هەروەها جێگایەکە بۆ ئەوکەسانەی کە منداڵەکانیان ئۆتیزمی هەیە ، کەدەتوانن لەڕێگەی سەنتەرەکەوە هاوکاریان بکرێت،لەگەڵ ئەوەشدا ئەم سەنتەرانەش توانیویانە ئۆتیزم بەخەڵك بناسێنن، چونکە ئۆتیزم حاڵەتێکی تازەیە لەناو کۆمەڵگەدا.بریتیە لەوسەنتەرانەی کەلەدوای دەستنیشانکردنی تێکچوونی منداڵی ئۆتیزم لەسێ ساڵی تەمەنیاندا ، دێن و لەسەنتەرەکان ناو تۆمار دەکەن کەتیایدا ڕێنمایی دەدرێت بە خێزانەکانیان ، کە لەم سەنتەرانەدا پێوەرێکی دیاریکراو نیە بۆوەرگرتنی مناڵی ئۆتیزم، بەڵکو کار لەسەر ئەوە دەکرێت ئەگەر منداڵێك دوو ساڵ بێت توشی بوبێت لەهەمان کاتدا خێزانەکەی کەمدەرامەت بن نەتوانێت لەهیچ شوێنێك سود مەند بێت ئەوا لەم سەنتەرانە وەر دەگیرێت (www.chawdernews.com).

پێناسەی ڕێکاری سەنتەرەکانی ئۆتیزم :سەنتەری ئۆتیزم مەبەستمان لەوژینگەیە یاخود ئەو دامەزراوە حکومی و ناحکومیانە ی لەڕێگای کەسانی پسپۆڕ و شارەزا بەڕێوە دەچن و ڕێنمایی و بەرنامە و چالاکی پێشکەش دەکەن بەو منداڵانەی کەنەخۆشی ئۆتیزمیان هەیە لەسەر بنەمای کۆمەڵێك یاسا و بابەتی پەیڕەوی ڕۆڵەکانیان دەکەن و کاری لەسەر دەکەن بەمەبەستی هاوکاری کردن و یارمەتی دانی خێزانی منداڵی ئۆتیزم لەپەروەردەکردنی منداڵەکانیان کەدوچاری ئۆتیزم بوون.

**سێیەم: ئۆتیزم:**

ئۆتیزم ئاماژەیە بۆکۆمەڵێك ڕەفتاری ناجێگیر وشێواو بەهۆکاری جیاواز دروست دەبێت کەکاریگەری لەسەر مێشکی کەسی توشبوو بەجێدەهێڵێت وئەمەش کاریگەری لەسەر زۆر لایەنی گەشەسەندنی عەقڵی وزەینی بەجێ دەهێڵێت، دەرئەنجامی ئەمەش کۆمەڵێك ناتەواوی وکەموکوڕی لەکوێ زانین ودرك پێکردن وهەروەها کەموکورتی لەتوانای پەیوەندی گۆڕانکاری وزمانی وچالاکی جۆراوجۆر دروست دەکات.چونکە مێشك نارێکیەکانی لەڕێگەی کۆمەڵە هۆکارێکەوە بۆ دروست دەبێت وەك کێشەی بۆماوەی وچینایەتی، یاخود تێکچوونی ئەرکی مێشك حاڵەتی توشبوو بە ئۆتیزم بەوە جیادەکرێتەوە لەکەسانی دیکە ئەو درکی بەرامبەری ناکات بەردەوام ڕەفتاری شەڕانگێزانە کەبەزیان وزەرەر نمایشی دەکات وئەیانوێنێت کەبێ ئەوەی پاڵنەرێکی واهەبێت بۆ ئەو جۆرە ڕەفتارە (جین،2017: 20).کەواتە دەتوانین بڵێین ئۆتیزم – خودی تەنیایی بەوجۆرە بکەین کە ووشەیەکی یۆنانیە بەمانای دابڕان وگۆشەگیری دێت بۆیەکەم جار لەلایەن (لیۆکەنەر)هەوە ئەم زاراوەیە بەکارهێنرا، ئۆتیزم بریتی یە لەتێکچوونێکی ئاڵۆزی گەشە کەلە سێ ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵدا ڕوودەدات لەئەنجامی تێکچوونی فرمانەکانی مێشك ودەمار(ئەفرام،2012: 214).یاخود بریتی یە لەگروپێك نەخۆشی کەکاریگەری لەسەر ڕەفتار وپەیوەندی کۆمەڵایەتی کەسی توشبوو دادەنێت ئەم کاریگەریانەش دەگونجێت سادە ولاوەکی بن، دەشکرێت هێندە زۆربن کەڕێگە لەبەڕێوەچوونی ئاسایی ژیانی ڕۆژانە بگرێت(2018)/www.(nrt tv.com ).

پێناسەی ڕێکاری بو ئۆتیزم ئۆتیزم بریتی یە لەشڵەژانی گەشەیە پێك دێت لەکۆمەڵێك قورسی ونیشانەی جیاوازلەکۆمەڵێك بواری ژیان لەنێوانیانداچالاکیەکۆمەڵایەتیەکان وزانیارییەکان وجوڵەیوهەست ییەکان.

**سێیەم: خێزانی منداڵی ئۆتیزم**

خێزان بریتیە لە کۆمەڵێك منداڵی تەندروست و یاخود دووان لەوانەی کە ئۆتیزم یاخود نیشانەکانی هەیە ، کەپەیوەندی بەبۆماوەییەوە هەیە ، بەبونی ئەوانیش منداڵێکی تەواو ئارام دروست نابێت ، هەروەها دەتوانین پەیوەندیەکی تەندروست دروست بکەین لەنێوان ئەوانەی کە ناتەندروستن وەلەگەڵ ئەوانەی تەندروستن (جین،2017: 158).دایك و باوکی منداڵی ئۆتیزم چەند ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لەژیانی منداڵی ئۆتیزم چونکە ئەمانە یەکەم کەسن کەشارەزایی کێشە گەشەییەکانی منداڵ دەبن وەهەوڵ بدەن شیکارێکی بدۆزنەوە و خزمەت گوزاری گونجاو پەیدا بکەن بۆمنداڵەکانیان ، لەگەڵ دەستکەوتنی بەرنامەیەکی چارەسەری گونجاو (ابراهم،2004: 134) .حاڵەتێکی پەروەردەیی ئاساییە کە دایك و باوك چاودێری گەشەی منداڵەکانیان دەکەن و کاریگەر دەبن لەگەڵ گەشەی منداڵەکانیان و باشترین شتیش ئەنجام دەدەن کەلەدەستیانە بۆپەروەردەی منداڵەکەیان (ڕوخۆش،2006): 45).

پێناسەی ڕێکاری خێزانی منداڵی ئۆتیزم :بریتیە لەو ئەندامانەی کەڕۆڵێکی گرنگیان هەیە هەر لەسەرەتای لەدایك بوونی

منداڵدا لەشێوازی پەروەردەکردن هەروەها لەهەنگاوەکانی گەشەکردنی منداڵەکانیان کەگەر ئەو منداڵە تێکچونێکی گەشەی عەقڵی یان جەستەیی و دواکەوتنی هەبێت ئەبێت ئاگادارین وەئارام بن لەگەڵ منداڵەکانیان لەهەمووکاتەکاندا.

**چوارەم : منداڵی ئۆتیزم /**

1-(smit 1975) ئەومنداڵانەن کە دەناڵێنن بەدەست خۆ دور خستنەوەیەکی بەهێز لەکۆمەڵگەدا ، وەبەلەدەست دانی پەیوەندیەکان ، وەیان سەرنەکەوتن لەپەرەپێدانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لەگەڵ دەوروبەردا ، وە بوونی لەرەو تێکچون لە دەربڕینی وشەکان و بابەتەکان ، وەخراپی لەگۆڕین و دووبارە بوونەوەی بێزاریەکانی کرداریەکانی و دان پێدانانە وشەییەکان.پێناسەی شەبەکەی ویب کاست (2003): تێکچوونی خەیاڵەکان یاخود پەیوەندی ئۆتیزم تێکچونێکی زۆر بەر بڵاوە لەکۆمەڵگای تەندروستی دا بە بەراورد بە هەندێك تێکچونی ناسراو وەکو : شەکرە یان خەیاڵ داخراو یان هاوتا لەگەڵ بیرکۆڵەکان زۆر لێکۆڵینەوە کراوە کەئامانجی دیاریکردنی پێوەرە دیار و بڵاوەکانی تێکچونی خەیاڵەکانی یان پەیوەندی ئۆتیزم لەنێوان منداڵدا ئەمەش لەویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و ئەوروپاو ئاسیادا.وە سودی ئەنجامی لێکۆڵینەوە نوێیەکان لە ویلایەتە یەکگرتوەکان ئەوەیە کەپێوەری بەربڵاوی تێکچوونی ئۆتیزم منداڵ تیایدا نێوان ساڵی (3 بۆ 10)لەتەمەنی داکەدەکاتە (3 بۆ 4) حاڵەت لە نێوان (1000) منداڵدا وەهەر منداڵ و دەردەکەوێت بەتێکچونی خەیاڵەکانی یان پە یوەندی برانەوە خودی شێوە جۆراو جۆرکورت هێنان لەسێ ڕەگەزی سەرەکی دا (علی،2012: 22).أ-کارلێکی کۆمەڵایەتی

ب-گەیەنەری زمانەوانی نا زمانەوانی .ت-خورەوشتەکان و گرنگی دانە بە پلە دەنگیە وەستاوەکان باش ژمێردراون کەخاوەنی ئەو سروشتەن توند و دووبارەوە بوو (شوان،2013: 6).

پێناسەی ڕێکاری منداڵی ئۆتیزم:بریتیە لە و منداڵانەی کە بەهۆی تێکچوونێکی گەشەوە دەناڵێنن. کەلەم توێژینەوە یەدا زانیاری گرنگ لەڕوی زانستیەوە ئاڕاستەی دایکان و باوکان دەکات بۆتێگەیشتن و مامەڵەکردنی دروست لەگەڵ منداڵانی توشبوو بە ئۆتیزم.

## بەشی دووەم :تەوەری یەکەم/سەرەتایەکی مێژوویی دەربارەی ئۆتیزم و سەنتەرەکانی ئۆتیزم :-

ئۆتیزم _ خود تەنیایی وەك هەموو حاڵەتێك مێژوویەکی هەیە ئەم زاراوەیە بۆیەکەم جار لەلایەن (لیۆکانر)ەوە بەکارهاتوە، لەساڵی (1943) واتە لە چلەکانی سەدەی ڕابردوو (لیۆکانر) یەکەم کەس بوو ، کەوشەی ئۆتیزمی بەکارهێنا و لیستێکی دانا . بۆئەو نیشانانەی کەمنداڵی ئۆتیزم پێی جیا دەکرێتەوە بەڵام لەساڵی (1944) (هانز اسبیرجر) جۆری ئەسپیرجری بۆجۆرەکانی ئۆتیزم زیاد کرد،زانایان لەسەر لێکۆڵینەوە لەسەر حاڵەتی ئۆتیزم _خود تەنیایی بەردەوامبوون ، لەساڵی 1980 (DSM III )بڵاو کرایەوە وەك پێوەرێك کەجیاوازی کرد لەنێوان شیزۆفرنیا (کەرتە ژیری) و ئۆتیزم _خود تەنیایی لەساڵی (1944 DSM IV) وەك پێوەرێك بۆ دەستنیشان کردنی ئۆتیزم دانرا ، لەکاتێکدا لەساڵی 1992 (ICDL) وەك پێوەرێك کاری پێ دەکرا ، ئەم دوو پێوەرەش بەرێکی تازە دەکرێتەوە . ئۆتیزم_خود تەنیایی تایبەت نیە بەکۆمەڵگەیەکەوە ، توشی دەوڵەمەند و هەژار دەبێت ، توشی ڕەشپێست و سپی پێست دەبێت ، توشی دانیشتوی شار و لادێ دەبێ وەتوشی منداڵی موسڵمان و منداڵی مەسیحی و منداڵی یەهودی دەبێت. ئەمەش وایکردوە کە لە هەموو دنیا بەرێژەیەکی بەرچاو زیاد بکات و هەموو ڕۆژ هەڵات و ڕۆژئاوا بگرێتەوە(رحمان،2013: 54).

هەروەها شێوەیەکی ڕێژەیی ، ئۆتیزم شڵەژانێکی زۆر دەگمەنە هەروەها خەملاندنێکی ورد بۆ دروستبوونی ڕێژەیەکی گۆڕاوە ، توێژینەوە پێش وەختەکان ڕێژەیەکی داناوە بۆ بڵاوبونەوەی ئەم شڵەژانە لە (2-5)لە (10000) کەسدا ، بەڵام توێژینەوە تازەکان دەریان خستووە کە کەمترە لە (2) کەس لە (10000) کەس ئۆتیزم بەبێ ڕەگەز پەیوەستە بە ڕێژەی زیرەکیەوە وە ئۆتیزم لەنێوان ئەو ئافرەتانەیا بڵاوە کەرێژەی زیرەکیان کەمترە لە (35) بەڵام ، لەپیاواندا لای ئەوانە دەردەکەوێت کە ڕێژەی زیرەکیان لەو ڕێژەیە زیاترە تائێستا کەس نازانێت هۆکاری ئەم دیاردەیە چیە ؟ وەهەروەها ئۆتیزم وەك دیاردەیەکی جیهانی دەردەکەوێت وە لە هەموو وڵاتەکاندا دەرکەوتوە بونی هەیە وەك (سوید ، یابان ، روسیا ، چین...) وەکەسانی توشبوو بەئۆتیزم ڕەفتاری نائاسایی دەنوێنن وە پێش (3)ساڵی دەردەکەوێت لایان وە شێوەیان بەشێك لە ڕەفتارەکانیان( ابراهم،2004: 51). توشبوون بە ئۆتیزم لە لای نێر و مێ (1-4) جیاوازە .بەڵام (ژهان) وەك یەکەوە ئۆتیزم بەوە جیادەکرێتەوە کاتێك لە ژێر ناوی یان شێوەی (شیزۆ فرینیا)بەپێی جۆرە جیهانیەکان کە ئۆتیزم لەلایەنی خەیاڵ زۆر لاوازە بەڵام لای (شیزۆفیرینیا)وەك لای گەورەکان وایە . کەتیایدا حاڵەتی ورێنە لە (ژهان) ی منداڵ هەیە.هەروەها حاڵەتی ئۆتیزم دەرناکەوێت پێش تەمەنی (36 مانگ) بەڵام (شیزۆفیرینیا) پێش تەمەنی (5-6) ساڵی دەر ناکەوێت واتە پێش هەرزەکاری و سەرەتای کامڵ بوون دەر ناکەوێت بەشێوەیەکی گشتی (کرستین،2015: 27). دەتوانین ئاماژە بکەین بە مێژووی شلەژانی ئۆتیزم بەپێی ئەو قۆناغانەی پیایدا تێپەریوەلەو کاتەوەی (کانەر1943) دۆزیویەتە وە بەم شێوەیەی خوارەوە:-

**قۆناغی یەکەم:**-ئەم قۆناغە بەقۆناغی وەسف کردنە سەرەتاییەکان ناو دەبرێت ئەولێکۆڵینەوانە دەگرێتەوە کە ئەنجام دراوە لە ماوەی لەنێوان ناوەڕاست و کۆتاییەکانی (50)کانی سەدەی ڕابردوو ،وەئامانج لەم لێکۆڵینەوانە ئەوە بوو ڕەفتاری منداڵی ئۆتیزم دیاری بکرێت وەکاریگەری ئەم نەخۆشیە لەسەر کۆی گشتی ڕەفتاری منداڵ کەوا پشکنینی بۆدەکرا کە ئۆتیزم یەکێکە لە شڵەژانەکانی مێشکی منداڵ.

لەئەنجامی لێکدانەوەی ئەم لێکۆڵینەوانە کەدەرخستنی کۆمەڵێکی زۆر نیشانەی ئۆتیزمی لەخۆ گرتبوو .بوەهۆی دەرکەوتنی نیشانەکانی ئۆتیزم ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بۆیان دەرکەوت کە هێماو نیشانەکانی بەپێی تەمەن و خاسیەت لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە و لە یەکچوو نیە.

**قۆناغی دووەم:**تەواو کەروبەردەوامی قۆناغی یەکەم بوو لێرەدا یەکێك لەزانایان بەناوی (لوتر) ئاماژە بەوە دەدات کە ئەولێکۆڵینەوانەی لەم قۆناغەدا کراوە لەسالانی کۆتایی (50)کان بۆ کۆتایی (70) کان هێشتا دەچێتە چوارچێوەی سەرەتاکانی لێکۆڵینەوە لەکاریگەریەکانی ئۆتیزم جەخت دەکاتە لەسەرئەوگەشانەی کە ئەگەررووبدات لەتوانا وبەهرەی منداڵانی ئۆتیزم لەئەنجامی ڕاهێنانەکان وە بۆئەو ناوانەی کە بەشدارین کرد لەم توێژینەوەیەدا (مایکل روتر_میتلر) وەلێکۆڵینەوە کانی ئەم قۆناغەگشتیە .

**قۆناغی سێیەم :** ئەم قۆناغە ڕەوتێکی جیگیری کۆمەڵێ ڕاپۆرتی بەردەوامی یەك لەدوای یەکی بەخۆیەوە بینی لەبواری توێژینەوە لە ئۆتیزم و ئەم قۆناغە سەرەتای سەدەی (80) تا سەرەتای سەدەی نەوە کان.لەم قۆناغەدا کە دەتوانین بڵێین تا ئێستا بەردەوامە و لە لێکۆڵینەوەکانی ئەو سەردەمە تەرکیزیان کردۆتە سەر گرنگی گەشەی زمانی منداڵی ئۆتیزم لەتەمەنی (1-6) ساڵ و گرنگی کارکردن و بەردەوامی کەسانی پسپۆر لەگەڵ منداڵانی ئۆتیزم چونکە تەنها فێربوونی کۆمەڵێك قسەو ڕەفتاری کۆمەڵایەتی بەس نیە .هەروەها ئامرازی لێکۆڵینەوە بەکار هاتووەکان لەقۆناغەکانی پێشوو جیاوازە لەقۆناغەکانی داهاتوو ،بۆیە لەهەر گەشەکردنێك لە ئامرازەکانی پشکنین دەبێتە هۆی گۆڕان کاری لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان.وەهەروەها کەمێك لەسەرچاوەکان باسی تێکەڵ بوون و مامەڵەکردنی خێزانەکان دەکەن کەخاوەن ئەو هەرزەکارانەن کە ئۆتیزمیان هەیە .لەڕوی پێشکەوتنی خورەوشت و مامەڵەکردنی خێزان و کۆمەڵگە لەگەڵیان و گرینگی دان و فێرکردن و مەشق پێ کردنیان بۆ پێگەیاندن و ئامادەکردنیان بۆپیشەیەکی دیاری کراو وە دەبینین لە نووسینەکانی هەریەك لە (دونا ولیامز) (1992-1994) وە (تیمبیل جواندین) (1986) لەئاستی بەدواداچونی هەندێك حاڵەتی ئۆتیزم لە منالیەوە تاکو سەرەتای گەنجێتی (نایف،2005: 16)وەئەگەری زۆربونی ئەم شپرزەییە پێشبینی ناکرێت و خەملاندنی کارێکی ئەستەمە . هەوڵە سەرەتاییەکان بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵسوکەوتی تاکەکانی ئەم تووش بوانە لەم تەمەنەدا بەشێوەیەکی بنەڕەتی پشت دەبەستێت بە کۆششی بەخێوکەران و مامۆستایان ،وەئەوانیش زۆربەیان شارەزاو ڕاهێنراو نین کەوا مامەڵە لەگەڵ ئەم تووشبوانە بکەن . چونکە پێویستی بە مەشقی تایبەت هەیە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئەم تاکانە .لەم ساڵانەی دوایی دا توانرا نزیك بوونەوە زیاتر و زیاتر ڕو بکاتە ئەم کۆمەڵە (ئۆتیزم)(مجد،2005: 13).

## یەکەم/ ئامانجی سەنتەرەکانی ئۆتیزم:

ئەو سەنتەرانەی کە سەر بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتین یاخود ئەوانەی کە سەر بەپەروەردەیە ئامانجەکانیان بریتیە لە:-

1-خزمەتکردنی ئەو منداڵانەی کە بە ئۆتیزم دەستنیشانکراون.چاودێریکردنی ئەو منداڵانەیە ، چونکە ئەو منداڵانە وەك منداڵێکی ئاسایی نین کەلەگەڵ کۆمەڵێك منداڵ کۆیان بکەیتەوە بەڵکو ئەبێت چاودێری بکرێت .

2-ڕاهێنان کردن بەم منداڵانە چونکە ئەم منداڵانە یەك گرفتیان نیە بەڵکو چەندگرفتێکیان هەیە . ئەوگرفتانەش زیاتر بەڕاهێنان چارەسەر دەکرێت واتە لەڕێی دەرمانەوە نا بەڵکو زیاتر بەڕاهێنان.

3-شیاندنەوە واتە ئەم منداڵە ئامادە بکرێت لەڕێی ئەوبەرنامەو پرۆگرامانە بۆیە سبەینێ بگەڕێنەوە ناو قوتابخانە یاخود برۆنەوە ناو کۆمەڵگا .وشیارکردنەوەی کۆمەڵگا .چونکە ئەم منالانە بەگشتی لەناو کۆمەڵگا قبوڵ ناکرێن کۆمەڵگا وشیار نیە بەرامبەریان ئەمەش وادەکات کەزۆرجار خێزانەکان توشی گۆشەگیری و دابڕان دەبن لەکۆمەڵگا .

4-کۆکردنەوەی ئاماری ساڵانەی منداڵی ئۆتیزم و خستنەڕووی بۆئەوەی خەڵك ئاگاداربێت کەرێژەی ئەم منداڵانە چەنێك بەزیادبوونایە .لەڕوی ڕاگەیاندنەوە کە ئەم ئامانجەش ئەچێتە بواری هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگاوە کەهەوڵی ناساندنی ئۆتیزم ئەدەن لەڕێی بەرنامەو پرۆگرامی میدیا و ڕۆژنامەو کەناڵەکان .

5-لەڕێی ئەم سەنتەرانەوە کە ئەوخێزانانەی کەمنداڵی ئۆتیزمیان هەیە دەتوانن پەیوەندی دروست بکەن یارمەتی یەکتربەن لە لەبەرنامەوپرۆگرامی کارکردن لەگەڵ منداڵەکاندا.وشیارکردنەوەی خێزان خۆیەتی کەخێزان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم منداڵەدا بکات چۆن ڕاهێنانی لەگەڵبکات وپاداشت وسزای لەگەڵدابەکاربهێنێ.

6-شوێنێك بێت بۆ ئەو خێزانانەی کە منداڵێکی ئۆتیزمی هەیە بتوانێ ڕویێ بکات واتە کاتێك کە منداڵەکەی دەستنیشان ئەکرێت بە ئۆتیزم لەڕێی لێژنەیەکەوە شوێنێك هەبێت گەر

نەتوانێت منداڵەکەشی لێدانێت  بتوانێت ڕێنمایی وەرگرێ لێوەی لەچۆنێتی مامەڵەکردن  لەگەڵ ئەو منداڵانەدا

7-ئەکرێ یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم سەنتەرانە دەستنیشانکردن بێت بەڵام پێویستی بە کۆمەڵێ پسپۆڕ و کەسی شارەزا ئەبێت(رحمان،2018).هەروەها کۆمەڵەی ئەسك لە کوردستان ئامانجیان لەدامەزراندنی کۆمەڵەکە ئەکتیڤ کردنی چەندین پرۆسەو چالاکی ڕاهێنانەوەی منداڵ لەسەر گونجان لەگەڵ دەوروبەر، ئیشکردنە بۆ ئەم مناڵانەی دابڕاون لە دنیا ، ئامانج لەو پرۆژەو بەرنامانەی دامانڕشتووە ئەوەیە ئاستی وشیاری دایکان و باوکان کەمنداڵی ئۆتیزمیان لە ماڵەوە هەیە بەرز بکەینەوە هەروەها نۆرینگە و سەنتەری ڕاهێنانەوە  و بنکەی تەندروستی بۆ بەدوادا چوونی گرفت و مافەکانیان دامەزرێنن(پەروین،2008: 29).

## دووەم/بەرنامە و چالاکیەکانی سەنتەرەکانی ئۆتیزم:

کۆمەڵێ بەرنامەی ڕاهێنان هەیە کەپێشکەش دەکرێت بەمنداڵانی تووشبوو دایك و باوکیان لەپێناو فێربوون و ڕاهێنان و چاکردنی ڕەوشتی ئەو مناڵانە و چاودێری کردنیان ، وەك چۆن زانراوە کە مناڵی تووشبوو بە ئۆتیزم ناتوانن کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی سەرکەوتو لەگەڵ دەوروبەر ئەنجام بدەن وەناتوانن گەشە بدەن بە توانای کارلێکی کۆمەڵایەتی سەرکەوتوو بەو شێوازەی کە بە ئاسایی دائەنرێت لەگەڵ ئەمەشدا ئەمانیش وەك هەرمنداڵێکی ئاسایی جیاوازی تاکایەتی هەیە لەنێوانیان کەدەبێتە هۆی دروست بوونی ئاستی جیاواز و ئاشکرا لە هەڵسوکەوت و ڕەفتار لەنێوانیاندا لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێکیان کێشەیەکی زۆر ئاشکرایان هەیە لەم بابەتەدا .

فێرکردن و ڕاهێنانی مناڵانی خاوەن شڵەژانەکانی ئۆتیزمبەرنامەکانی ڕاهێنان و فێرکردن بە یەکێك لەگرنگ ترین و پێویست ترین بەرنامەکان دا دەنرێت بۆ مناڵانی تووشبوو کەئەتوانن لە ڕێی ئەم بەرنامانەوە پەرە بدەن بەتواناکانیان و ئامادەباشیان بۆ فێربوون بۆنمونە منداڵ دەتوانێ فێری دانیشتن بێت لەسەر کورسی یان کۆمەڵێ بابەتی پێویست بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکی دیاری کراو  یان ڕۆیشتن بۆ تەوالێت و هەتادوایی.گەشەدان بەم جۆرە توانایانە بەکارێکی گرنگ دادەنرێت بۆ ئامادەکردنی مناڵ بۆ وەرگرتنی بەرنامەی تر لە بەرنامە هەیە پێشکەش بۆ ئەو مناڵانە دەکرێ یارمەتی دەرە لەباشکردنی پەیوەندی مناڵ لەگەڵ دەور و بەرەکەی بەشێوازی زارەکی و نا زارەکی ئەو بەرنامانە ئیش دەکەن لەسەر هەوڵ دەدەن لەسەر کەمکردنەوەی ڕەوشتە نەشیاوەکان یان نەگونجاوەکان کەدواتر دەبێتە هۆی باشتر کردنی ئاستی کارلێکە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو مناڵانە ئەم جۆرە بەرنامانە دایك و باوك تاکی تری ناو ئەندامانی خێزانی ئەو منداڵانە دەتوانن تیا بەشداربن(عادل،2014: 334).شایەنی باسە کە بەشێك لەبەرنامە چارەسەریەکان هەڵدەستن بەپێدانی دەرمان و زۆرێك لە لێکۆڵینەوەکان هەستاون بە پشکنینی کاریگەریەکان بەڵام ئێمە جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە جۆرە دەرمانە هیچکاریگەری ناکاتە سەر ئۆتیزم و هیچ لەڕادەکەی کەم ناکاتەوە ،بەڵام بەکاردێت بۆ چارەسەری هەندێك دیاردەی پەیوەندی دار بەم تێکچونە.وەك چالاکی لەڕادە بەدەر وەك نموونەیەکی زیندوو لێکۆڵینەوەکەی (کوینتانا) و هەندێ زانای تر لە ساڵی (1995)  سەلماندی کە چارەسەر کردن بە دەرمان دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی چالاکی  لەڕادە بەدەری منداڵی خاوەن ئۆتیزم(عادل،2014: 335).باشکردنی ئاستی زمانەوانی ئەم مناڵانە و گەشەپێدانی گەشەی زمانەوانیان ئامانجێکی سەرەکی ئەم بەرنامە ڕەفتاریانەیە ، لەکاتی بەکارهێنانی ئەم بەرنامانە بۆ ئەو مەبەستە دەبێت ئەم ڕاهێنانە بەزنجیرەیەکی ڕێك و پێك ویەك لەدوای یەك تێپەڕبێت بەم شێوەیەی خوارەوە :-

1-منداڵ ئەو وشەیەی دەیزانێت دوبارەی دەکاتەوە و ئەگەر نەیزانی ئەوا دوا بەدوای ئامێری قسەکردن یان ڕاهێنەرەکە وشەکە دوبارە دەکاتەوە،لەگەڵ ئەوەی فێربونی تەنها یەك وشە لەلایەن ئەو منداڵانەوە کاتێکی پێئەچێ  لەگەڵ فێربوونی هەر وشەیەك هەڵدەستین بەپێدانی پەداشتێك بەو مناڵە.

2-ئەبێت جۆری دیارییەکە هەمەجۆر بێت  و لە مناڵێکەوە بۆمناڵێکی تر بگۆڕێ بەپێی پێویستی و ئارەزووی مناڵەکە ،دەبێت پاداشتەکە ڕاستەوخۆ لەدوای وتنی وشەکە بدرێ بە مناڵەکە کە لە لەڕێگەی نیشانە و هێمایەکەوە  ئاماژە بە مناڵەمە دراوە بۆ ئەوەی وشەکە دووبارە بکاتەوە.

3-ئەگەر منداڵەکە بە نزیکبونەوەش نزیك بووەوە لەدەربڕینی ئەو وشەیەی ئێمە دەمانەوێ ئەوا پاداشتی دەکەین.دەتوانین ڕاهێنان و پاداشت لەگەڵ منداڵ بەکار بهێنین بە ئامانجی ئەوەی مناڵ فێری قسە ببێت (پەروین،2008: 27).

## سێیەم/کێشەکانی سەنتەرەکانی ئۆتیزم

1-لەگەڵ زیادبوونی ئۆتیزمدا لە ساڵی 2009 سەنتەری حکومی کەسەر بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ ئۆتیزم هەیە،هەروەها لەساڵی 2013 چەند سەنتەرێکی ئەهلی کراوەتەوە وە لەساڵی 2004لەناو پەروەردەشدا سەنتەری پێوەخت هەیە کە کۆمەڵێ  مناڵی ئۆتیزم و بیرکۆڵ و هەموو حاڵەتەکانی تری تێدایە وە لەناو مەکتەبەکانیشدا هەندێك حاڵەتی تێکەڵ کردن هەیە کە ئەو منداڵانەی کە ئۆتیزمیان هەیە و حاڵەتەکەیان کەمێك باشە لەڕێی مامۆستای تایبەتەوە تێکەڵ کراون . بەڵام بەکۆی گشتی ئەمانە لەبەر ئەوەی حاڵەتەکان زۆر زۆر لەزیادبوندایە یەکێك لە کێشە گەورەکان

ئەوەیە کە ئەم سەنتەرانە تایبەتن بەناو شار تەنها تایبەتن بەناو شاری سلێمانی واتە سەنتەری ئۆتیزمی سلێمانی سەر بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیە لە هیچ شوێنێکی تر نیە.

2-لەوەتەی ئەو سەنتەرانە دروست کراون تا ئێستا هەر ئەو بینایە یە کە هەیە ڕاستە بینایەکی بۆدروست کراوە ئێستا بەڵام بەماوەیەکی زۆر تا چەن ساڵێکی تریش ناکەوێتە سەرئیش.

3-بچوکی بیناکە کێشەیەکی گەورەیە بۆ سەنتەرەکە کە لەگەڵ ئەوەی زۆر زیادی کردوە ئۆتیزم کە ڕەنگە لەسنوری سلێمانی 600-700 منداڵی ئۆتیزم هەبێت .کەمی ستافی کارکردن لەگەڵ ئەو منداڵانە دا کە لە سنوری سلێمانیدا ڕەنگە 15-20 کەسمان نەبێ کە تایبەت بێت لەبواری ڕاهێنان لەگەڵ منداڵی ئۆتیزم دا.

4-نەبونی پسپۆڕی تایبەت بە بواری ئۆتیزم لە کوردستادا،ئەو سەنتەرانە لەوەتەی هەیە ستافەکانی کەمی کردووە زیادی نەکردووە .نەبونی خول لەلایەن پسپۆڕی شارەزاوە بە بەردەوام بۆ ستافی کارکردن و هەروەها بۆخێزانەکان کە بتوان ئاگادارین لە بەرنامە و پڕۆگرامە تازەکان .

5-کەمی کەرەستەو پێداویستیەکان بۆ منداڵی ئۆتیزم کە بەکاردێت بۆیان . چونکە ئەم منداڵانە وەك منداڵی ئاسایی نین کە قەڵەم و وەرەقە و دەفتەر و کتێبیان لەگەڵدا بەکار بهێنی .واتە کەمی کەرەستەو پێداویستی فێرکاری یەکێکی ترە لە کێشەکان .

6-نەبونی هۆشیاری کۆمەڵگا. هەرچەندە ئێستا بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی 2007-2008-2009 باشتر بووە بەڵام ئێشتا ماومانە.کەکێشەیەکی گەورەیە کە زۆرجار خێزان توشی گرفت ئەبێت لەگەڵ ئەو سەنتەرانە.نەبوونی پاڵپشتیەك و تەشجیعکردنی ستافەکان کە کاردەکەن لە سەنتەرانە کە پاڵپشتیەك نیە بۆیان کەبتوانن بەردەوام ببن وەك دەرماڵەیەك لەلایەن حکومەتەوە . واتە حکومەت هیچ بایەخ بەم سەنتەرانە نایات بەڵکوو پشتگوێی خستوون و ئیهمالی کردوون.

7-گرفتێکی تریش ئەوەیە کە سەنتەری ئۆتیزم لەنێوان وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی پەروەردە دا تێکەڵ بووە.کەلەم نێوەندە دا منداڵی ئۆتیزم زەرەر مەند بوە .-نەبوونی هۆکارەکانی گواستنەوە . واتا سەنتەرەکان ناتوانن هاتوچۆ بە منداڵەکان بکەن واتە لەتواناییاندا نیە.

8-کەمی سودمەندبوونی مداڵی ئۆتیزم لەو سەنتەرانەدا بەهۆی بچوکی سەنتەرەکە و بەهۆی کەمی ستافەکەوە 9-کێشەی بایکۆت و نەبوونی دەوام و کەمی دەوام هۆکارێکی ترە کە وای کردوە خێزان دوورکەوتونەتەوە لەو سەنتەرانە ،نەبونی دکتۆری منداڵان و هەروەها نەبوونی دکتۆری دەروونی کە پسپۆڕبن لە سەنتەرەکەدا.

## چوارەم: نیشانەکانی ئۆتیزم:

لەدوای تەمەنی (1-5) ساڵیەوە نیشانەکان بەدەردەکەون بەزۆری لەنێوان تەمەنی (2-3) ساڵی زیاتر گرفتیان لەسێ بواردا ڕوودەدات:

1- گفتوگۆ (ئاخاوتن).

2- پەیوەندی کۆمەڵایەتی.

3-گرفت لەبواری ڕەفتاردا (هەڵسوکەوت)(ئەفرام،2012: 240).

دووبارە کردنەوەی هەمان یاری چەندجار وچەندجار بەبێ ماندوبوون ونەبوونی توانای داهێنان لەیاریەکاندا.بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانکاری لەیاریەکاندا وزوو هەڵچوون وەك خواردن لەدەفرێکی دیاری کراودا یان لەبەرکردنی پۆشاکێکی دیاری کراو ڕازی نەبوون بەگۆڕینی.دابڕانی کۆمەڵایەتی وڕازی نەبوونی یاری کردن لەگەڵا خێزان ومناڵانی تر.

4-خاوخلیچکی یان جوڵەی بەردەوامی بێ مەبەست.گوێ نەدان بەدەوروبەر زۆرجار دەگاتە ئاستێك کەسوکار وادەزانن منداڵەکەیان کەرِبووە.لەڕووی زمانەوە: دواکەوتنی ئاخاوتن، بێدەنگی یان دەنگە دەنگی بەردەوام، دووبارە کردنەوەی قسەی ئەوانی تر بەبێ تێگەیشتن لەماناکەی، ووتنی ووشە ورستەی بێ واتاء، پێچەوانەکردنەوەی ئامرازەکان یان بەکارهێنانیان بەهەڵە (من وتۆ، ئێمە وئەوان) گرفتی لەناوەکانی شتەکاندا.

5-پێکەنینی بێ هۆ.لاوازی یان نەبوونی هۆشپێدان وچاو نەبڕینە چاوی بەرامبەر.تێنەگەیشتن لەزمانی جەستە وگرفت لەبابەتە بینراوەکاندا. (ئەفرام،2012: 241).

## دووەم: هۆکاری ئۆتیزم:

هەموو نەخۆشیەك یان حاڵەتێکی دەروونی یان کۆمەڵایەتی بێ هۆکارنیە، بێگومان ئۆتیزمیش وەك هەموو ئەو حاڵەتانە کۆمەڵێك هۆکار وفاکتەری هەیە کەکار دەکاتە سەری، بەهۆی تازەی وئاڵۆزی حاڵەتی ئۆتیزم بەبەراورد بەحاڵەت ونەخۆشیەکانی تر تائێستا بەتەواوەتی هۆکارەکان نەزانراون، هەرچەندە زانایان هەندێك هۆکاریان داناوە ولێکۆڵینەوەش بەردەوامە، بەتایبەت لەئەمریکا وئەوروپادا.هەندێك لەوهۆکارانەی کەتائێستا زیاتر ئاماژەی بۆدەکرێت، وەك هۆکار بۆ حاڵەتی (ئۆتیزم-خود تەنیایی) بریتین لەم هۆکارانە:

1-هۆکاری بۆماوەیی: مەبەست لەبۆماوەیی ئەوەیە ، کەسێك یان زیاتر لەکەسێکیان هەڵگری جۆرە جینایەتێکن کەکەموکورتی تێدایە ولەکاتی گواستنەوەی بۆنەوەکانی تر ئەگەری توش بوون بۆنەوەکانی تر زیاد دەکات.هەروەها ئۆتیزم

ڕەنگە هۆکاری (تۆ) بێت واتا بەهۆی ئاستەنگ وهەڵەوە کەڕوویداوە لەکاتی لەدایك بوونی منداڵەکە کەهۆکارە بۆ توشبوون بەوحاڵەتە یان تۆماری خێزانی ورەچەڵەك ئەو حاڵەتانەی تێدابووە کەدوارتر لەمنداڵەکەدا دەردەکەوێت، ئەمەش پیمان دەڵێت کەبەهۆی بۆماوەیی کاریگەری هەیە بەتایبەت ئەگەر یەکێك لەناو خێزانەکەدا ئەو حاڵەتەی هەبووبێت، جگە لەبوونی باری دەروونی وتێکچوونی تر کەهەبووبێت لەخێزاندا.کەواتە یەکگرتنی دەروونیەکان لەگەڵا بۆماوەییەکان زۆرتر ئەو حاڵەتە دروست دەکەن یاخود ئەگەر ناتەواوی جەستەیی لەخێزانەکەدا هەبێت ئەمە کاریگەرییە خراپەکانی توشبوونی زیاتر دروست دەکەنجین،2017: 60).

2-هەوکردنە ڤایرۆسیەکان: زیاتر لەهەوکردنێکی ڤایرۆسی هەیە کەتوشی دایکی دووگیان یان کۆرپەی ساوا دەبێت لەسەرەتای ژیانیدا دەشێ ببێتە هۆی سەرهەڵدانی ئۆتیزم وەکو سیرۆژەی ئەڵمانی، هەوکردنی ڤایرۆسەکانی مێشك.....هتد.

3-ئاستی گوازەرەوە دەمارییەکانی مێشك: بەرزبوونەوەی ئاستی سیرۆتۆنین ودۆپامین وئیپنفرین ونۆر ئیپنفرین لەکاتی پێدانی چارەسەر بۆ دابەزاندنی ئاستی ئەم گوزەرەوانە هەندێك لەنیشانەکان باشتر دەبن بەتایبەتی فرە جوڵەیی. بەکارهێنانی دایك بۆ هەندێك داو دەرمان لەکاتی دووگیانیدا، وەك دەرمانی پەرکەم. کەمی لەڕێژەی ڤیتامینات، بەتایبەت (ترشی وفۆلیك وڤیتامینی بی وڤیتامین أ،ھ،ج) وئاسن گرنگترینیان (زنك وماغتسیوم وسیلینیۆم)(ئەفرام،2012: 241).

4-هۆکارە دەروونی وخێزانیەکان: ئەم هۆکارە بەیەکێك لەهۆکارە دیار وقوڵکراوەکان دیاری دەکرێت وەلەکاتی نەبوونی توانای پەیوەندی کردن بەمەش کۆمەڵێ نیشانەی زمانی ورەفتاری لێ دەکەوێتەوە، ئەمەش هۆیەکی مەنتیقیە چونکە ئۆتیزم لەتەمەنێکی زۆر زووەوە ڕوودەدات، بەڵام توش بوون بەئۆتیزم لەڕێگەی ئەم دوو هۆکارەوە ئەگەرێکی کەمە بەڵام هێشتا لێکۆڵینەوە لەم لایەنە گرنگە چونکە بەردەوام دۆخی دەروونی وخێزانی بەشێوەی جیاواز وخێرا گۆڕانکارییان بەسەردادێت(کرستین،2015: 73). هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان: منداڵ لەمنداڵیەوە توانی زۆر وەڵامدانەوەی هەیە لەگەڵا دەوروبەریدا، بەڵام منداڵی توش بوو بەئۆتیزم ئەو توانایەی نیە کەلەگەشەی دا لادانێکی زۆر هەیە جگە لەنەبوونی توانای زمانی وگەشەی زانین لەلای هەندێك ڕەفتاری کۆمەڵایەتیش جیاوازە، کەلەیەکێکەوە بۆیەکێکی تر دەگۆڕێت، وەدیارترین شت بریتیە لەوەی ناتوانن هەما هەنگی لەجیاوازی ڕەفتارەکانیان بکەن بتوانن بەشدابن لەگەڵ ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکان دوورە پەرێزی کۆمەڵایەتی یەکێکە لەگرنگترین نیشانەکانی ئۆتیزم(پەروین،2008 :9).

5-هۆکاری هەڵچوونەکان یاخود چالاکی جووڵەیی: نارێکی هەیە لەڕووی دەربڕینی جوڵەییەکان وەك ئاماژەکانی دەم وچاو، سەیرکردن، جوڵە ودەنگیان، بەجۆرێك ئەوانەی چاودێریان دەکەن ناتوانن هەستەکانیان بناسنەوە وجیاکاری بۆبکەن بەتایبەت وەك دڵ خۆشی ودڵ تەنگی یاخود خۆشی وناخۆشی.بەڵام زانایان ژینگەیان وەك هۆکارێك پشت گوێ نەخستووە، کەکار دەکاتە سەر ئۆتیزم خودی تەنهایی وزیاتر ئاڵۆزی دەکات، لەهەمان کاتدا کەمی شارەزای دایك وباوك هۆکارێکی ژینگەی ترە، کەکاردەکاتەسەر ئاڵۆزی ئۆتیزم-خودی تەنیایی(رحمان،2013: 63).

## چوارەم چارەسەری ئۆتیزم:-

تائێستا زانایان نەگەیشتونەتە چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئۆتیزم، کەبۆ هەموو منالان وەك یەك بگونجێت، هەموو ئەو سەرچاوانەش باسی لێوەدەکرێت، تائێستا نەبووەتە چارەسەری 100%، بەلام تەنها چارەسەر کە بۆ هەموو منالانی ئۆتیزم وەك یەك بگونجێت، ڕاهێنان ومەشق پێکردنی منداڵانی ئۆتیزمە بەپرۆگرام وبەرنامەی تایبەت.هەندێ لەوبەرنامانە کەدەدیخەنە ڕوو کەئێستا بونەتە بەرنامەی جیهانی ولەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا بەکاردێت:(رحمان،2013: 58):-

**1- بەرنامەی (لۆڤاز)ی ڕەفتاری:**ئەم بەرمامەیە ساڵی (1987) لەلایەن کەسێکەوە دانرا بەناوی (لۆڤاز) کەمامۆستای پزیشکی دەرونی بوو لەزانکۆی (لۆس انجلوس) بەرنامەکەش بەناوی خۆیەوە ناو ناوە.

لەم بەرنامەیەدا توانا قورس وئاڵۆزەکان دابەش دەکرێن بۆ هەندێ توانای سوك وئاسان کەمنداڵی ئۆتیزم لەتواناییدا هەبێت جێبەجێی بکات، بۆیە هەڵسەنگاندنێك بۆ تواناکانی منداڵی ئۆتیزم دەکرێت بۆئەوەی بتوانرێت ئەو توانانە دیاری بکرێت کەپێویستە بۆ باشکردنی ڕەفتار وتواناکانی، دواتر بەرنامەیەکی دەستیوەردا (تدخل) ڕێکخراو دادەنرێت بۆئەوەی منداڵەکە لەتواناییدا هەبێت بەبێ هاوکاری وپشت بەستن بەکەس خۆی چالاکییەکان ئەنجام بدات، لێرەدا هەوڵ دەدرێت ڕەفتاری لاسایی کردنەوە (تقلید) لای منالی ئۆتیزم گەشە بکات، ئەمەش بەشێوەی مەرج دەکرێت، واتا دەبێت منداڵی ئۆتیزم لەبەرامبەر ڕەفتاری باش پاداشت بکرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرەو پێشچوون ولاسایی کردنەوە ودووبارە کردنەوەی ئەو ڕەفتارە، بەهەمان شێوە گرنگی بەلایەنی خستە سەر یەك وتوانای کۆمەڵایەتی وپەیوەندی دەدرێت لای منالی ئۆتیزم، دەبێت بەلایەنی کەم هەفتانە نزیکەی (40) کاتژمێر بەپێی ئەم بەرنامەیە ئیش لەگەڵ منالی ئۆتیزمدا بکرێت، بۆیە ئەم بەرنامەیە لەڕووی تێچوونەوە بەبەرنامەیەکی قورس دادەنرێت بۆخێزان، بەڵام لەڕووی

سەرکەوتنەوە لەزۆربەی وڵاتان بەکاردێت ویەکێکە لەو بەرنامانەی کەسەرکەوتوو بوو.

**2-تیتش:-**چارەسەر وپەروەردەکردنی منالآنی ئۆتیزم وکێشەکانی پەیوەندی لەیەك چوو:-ئەم بەرنامەیە ساڵی 1972 لەلایەن دکتۆر (ئەریك شوبلر) دانراوە، یەکەم بەرنامەی پەروەردەی تایبەتە بە منداڵانی ئۆتیزم، دواتر لەلایەن (کۆمەڵەی ئۆتیزمی ئەمریکیەوە) وەك یەکەم بەرنامە پشتی پێ بەسترا، ئەم بەرنامەیە بۆ هەموو تەمەنەکانی ئۆتیزم دەگونجێت، واتا لە (8مانگیەوە تا 55 ساڵی) بەمەرجێك دەستنیشان کرابێت، بەئۆتیزم یان هەر جۆرێکی تری تێکچوونی گەشەی گشتی.ئەم بەرنامەیە (تیتش) بریتیە لەفێرکردنی رێکخراو، ئەمە پرۆسەیەکی تەواوکاریە بۆ دەست تێوەردانی چارەسەری بۆ منالآنی خاوەن پێداویستی تایبەتی، ئەم بەرنامەیە گرنگی دەدات بەژینگەی دەوروبەری منداڵ کەژینگەیەکی رێکخرا وزانراوبێت، بۆئەوەی لەرێگەی ئەم ژینگە رێکخراوەدا منداڵ دەتوانێت پێشبینی بکات بۆ داهاتوو چی روودەدات، بۆ ئەوەی لەرێگەی ئەم ژینگە رێکخراوەدا منداڵ دەتوانێت پێشبینی بکات بۆ داهاتوو چی روودەدات، کەمتر دادەمێنێت، ئەمەش کێشەکانی رەفتار کەم دەکاتەوە، وزیاتر هەست بەسەربەخۆی وبرِوابوون وپشت بەخۆ بەست دەکات. ئەم بەرنامەیە بۆ منالآنی ئۆتیزم وئەومنالآنە بەکاردێت کەکێشەی زمان و پەیوەندی یان توانای کۆمەڵایەتیان هەیە، بەپێی ئەم بەرنامەیە بەوێنە ژینگەیەکی رێکخراو بۆ منالّی ئۆتیزم رێکدەخرێت، چونکە منداڵی ئۆتیزم حەزی یە رێتینیە، لەهەمان کاتدا توانای چاوی بەهێزە، بەپێی تواناکانی بەرنامەی رێکدەخرێت، وێنەی بۆ دادەنرێت .

**3-پێکس:**-سیستەمی پەیوەندی لەرێگەی گۆڕینەوەی وێنە:ئەم بەرنامەیە بۆ ئەو منداڵانەیە کەلاوازیان هەیە لەپەیوەندی زمانەوانی، ئەم منداڵانە ئۆتیزم بن یان کێشەی زمان وپەیوەندیان هەبێت، لەم بەرنامەیەدا وێنە دەگۆڕدرێتەوە بۆ دروست کردنی پەیوەندی، منداڵەکە رادەهێنرێت لەسەر ئەوەی وێنەی ئەو شتەی کەمەبەستیەتی دەیدات بەدایکی یان هەرکەسێکی تر کەکاری لەگەڵدا دەکات، لەبەرامبەر ئەو کەسەش ئەو شتەی دەداتێ، بۆنموونە منداڵەکە خواردن یان یارییەکی دەوێت، دەبێت راهێنرابێت کەئەو وێنەیە بدات بەکەسی بەرامبەر وئەویش لەبەرامبەردا ناوی یاریەکە یان ناوی خواردنەکە دێنێت ودەیداتە دەستی، لەکۆتایدا ودوای راهێنانێکی باش دەبێت منداڵ رستە دروست بکات، ئەگەر هاتوو نەیتوانی قسە دروست بکات ئەوە دەبێت وێنەی راستەقینەی هەبێت، بۆنموونە وێنەی (من، یاری یان خواردن، ئەمەوێت) بەوێنەکان دەتوانێت، گوزارشت بکات ورِستە دروست بکات (عادل،2014: 335)

**4-بەرنامەی سین رایز:**-ئەم بەرنامەیە لەحەفتاکانی سەدەی رابردوو دانراوە، لەلایەن دایك وباوکێکەوە، دوای ئەوەی منداڵەکەیان بەئۆتیزم دەستنیشان کراوە بەئۆتیزم تەمەنی (19) مانگ بووە، شێوەی ئۆتیزمەکەی توندتر بووە، لەهەمان کاتدا رێژەییەکەی (20) بووە، واتا بیر کۆڵیش بووە، بەڵام دوای دانانی بەڵام دوای دانای ئەو بەرنامەیەی کەبەبەرنامەی ماڵ دادەنرێت راین زۆر پێشکەوت وتوانی قسەبکات وپەیوەندی دروست بکات، بەشێوەیەك کەلەمنداڵی ئۆتیزم نەدەچوو، دواتر راین توانی زانکۆش تەواوبکات وببێتە کەسێك کەراهێنان بەخێزانی منداڵانی ئۆتیزم بکات لەوسەنتەرەی کەباوکی دایمەزراند لەئەمریکا.ئەم بەرنامەیە بەوەجیادەکرێتەوە لەبەرنامەکانی تر کەگرنگی بەلایەنی کۆمەڵایەتی وپەیوەندی منداڵی ئۆتیزم دەدات، ئەمەش بەبەشداری کردنی منداڵەکە وبەهەند وەرگرتنی ئارەزوەکانی منداڵەکە، ئەمەش بنەمای فێرکردن وفێربوونە لەرێگەی یاری کردنەوە لەهەمان کاتدا بەکارهێنانی ئارەزو خۆشی لەگەڵ منداڵەکە، بۆنموونە کاتێك منداڵەکە یاری بەدەستەکانی دەکات ودەیانجوڵێنێتەوە لەبری ئەوەی داوای لێبکەیت وازبێنێت لەورەفتارە تۆش وەك ئەو یاری بەدەستەکانت بکە وبەشداری بکە لەم جوڵەیەدا، واباشترە لەم حاڵەتەدا لەبەرامبەری بوەستین تا بیبینێت، بەمەش بەشداریەکی کۆمەڵایەتیت کرد، هەندێك پێیان وابوو ئەم لاسایی کردنەوەیە دەبێتە هۆی کەمنداڵەکە ئەو رەفتارانەی لاخۆش بێت ودووبارەی بکاتەوە، بەڵام ئەم لای (راین) باشترین نموونە بوو، کەبووە هۆی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵا باوکیداسەبارەت بەو منداڵانەی کەزمان بەکارناهێنن بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی، یان بەشێوەیەکی تر بڵێین ئەو منداڵانەی کەقسە ناکەن، لەم بەرنامەیە رێگەیەك دانراوە، ئەویش ئەوەیە کەوا ئەو ووشانەی کەفێری دەبێت بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتیە، لەهەمان کاتدا ئەمە وەك یارییەکە بۆ منداڵەکە، وەڵام دانەوە بۆ هەردەنگێکی منداڵەکە خۆی لەخۆیدا گرنگە، ئەگەر دەنگەکە هیچ مانایەکیشی نەبوو، لەهەرکاتێکدا منداڵەکە ووشەکەی ووت یان تەنانەت پیتێکی لەووشەکە ووت دەبێت دەستخۆشی لێبکرێت وهان بدرێت تا کارەکەی لەلا خۆشەویست وبەلەزەت بێت .دەکرێت ئەم بەرنامەیە بۆ سێ قۆناغ ئەنجام بدرێت، قۆناغی یەکەم بۆ ماوەی پێنج رۆژ کەسانی پسپۆر لەم بەرنامەیە خول بۆخێزان دەکەنەوە، پاشان خێزان ئەو هەنگاوانەی کەفێربوون لەماڵەوە لەگەڵ منداڵەکەیان جێبەجێی دەکەن بۆ ماوەیەکی دیاری کراو، پاشان دەگەرێنەوە بۆ ئەو سەنتەرە پسپۆرەی منداڵەکەی تێدایە بۆ تەواوکردنی قۆناغی دووەم کەئەنجامدانی چالاکیەکان بوو لەماڵەوە.

**4- چارەسەرە دەرونیەکان:**-بەرنامەکانی چارەسەری لایەنی دەروونی دورناخەنەوە لەچارەسەرەوەك بەکارهێنانی تیمێك کەزۆرلایەن بێت،هەروەها ڕێگاکانی پاڵپشتی بۆ ئۆتیزم لەرووی ئاستی پیشەیی وزانینەوە تایبەتمەند بێتیەوە(مجد،2005: 85).

**5- بەکارهینانی چارەسەری ڕەفتاری:**-بەکارهێنانی ڕێگاکانی چارەسەری ڕەفتاری یەکێکە لەوڕێگایانەی چارەسەر لەماڵەوە یان لەکۆرسی تایبەتی وانەدا، چونکە منالا ناتوانێت کەپۆلە ئاسایەکانی قوتابخانەدا بمێنێتەوە، بەهۆی ڕەفتاری هەڵەشەوە وکەموکوریان لەلایەنی زەینی وکۆمەلایەتیەوە.

ئەویش لەسەر ڕێگا وبنەمای (پاداشت) کردن لەسەر هەر ڕەفتارێکی باش وجوان کەبیکەن، هەروەها هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵ کردنی کارەخراپەکان وبلاوەکان.

**6-چارەسەری ژینگەی:**-چارەسەرێکی پزیشکی دەروونیە لەسەر بنەمای چاکردن یاخود دۆخی ژیانی نەخۆش وژینگەی ڕاستەوخۆکەی، ئەم چارەسەرە هەوڵێکە بۆ ڕێکخستنی ناوەندی کۆمەلایەتی وفیزیای کەنەخۆشەکە تێیدا دەژی یاخود مامەڵەی لەگەڵ دەکات بەجۆرێك یارمەتی بدات کەبگاتە چاك بونەوە، زاراوەکەش بەسودە بۆ چارەسەری ناوەندی یان ژینگەی وەبارودۆخ تێیدا کاریگەرە، چۆنیەتی وڕێگاکانی پێشکەش کردنی بەرنامەکان بۆ منداڵ پاڵاپشتە بۆ لایەنی کۆمەلایەتی وەك هاندان وڕاهێنان بۆ دروستکردنی پەیوەندی.

**7-چارەسەری پزیشکی:**-ئەو ناتەواویانەی کەتوشی نەخۆش دەبێت بۆیە چارەسەری پزیشکی بۆ ئەوکات دەبێت کەهەندێك نیشانەی ڕەفتاری هێواش بکاتەوە چونکە نەبوونی توانا سەرەکیەکان ژیانی ڕۆژانە وەك پەیوەندی وئاگاداری خودی وچەسپاندنی تواناکانی وەهەندێ چارەسەر لەڕووی چالاکی وپێشکەوتنی کۆمەلایەتی ڕوودەدات، جگە لەپێویستی خێزانی منداڵەکە بۆچارەسەر وئاڕاستەیەکی پەروەردەیی وخودی وپێنیشاندەر وهەوڵدان بۆ وەرگرتن وقبوڵ کردنی واقعەکە وەك ئەوەی هەیە، هەروەها شێوازەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ منالە نەخۆشەکە وپرکردنی پێداویستیەکانی بەتایبەت ئەوانەی کەچارەسەری ڕەفتاری وفێرکاری پێویستە بەتایبەت ئەوانەی سەرکەوتوبوون لەکەم کردنەوەی ئازارەکانی خێزان وراهێنان لەگەڵ شێوازەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ حاڵەتەکەدا.

**8-چارەسەر بەرێگای ژیانی ڕۆژانە:**-ئەم شێوازە لەقوتابخانەی هیگاشی لەتۆکیۆ سەری هەڵداوە یەکێکە (HIGASH) لەقوتابخانە تایبەتەکانی پەروەردە لەیابان، کەکار لەسەر پەروەردەی جەستەیی دەکات ئەمیش وادەکات مادەی (ئەندرۆفین) کەکۆنترۆڵی ودڵەڕاوکێ دەکات بکات، پاشان بەرنامەیەکی چڕی مۆسیقا وهونەر ودراما وشانۆ، هەروەها هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵ کردنی ڕەفتارە جیاوازەکان ونەگونجاوەکان، ئەم بەرنامەیە بریتیە لەپرۆگرامێکی پەروەردەی کار لەسەر پێدانی چانس دەکات بۆ منداڵەکان وتێکەلاوبوونیان لەگەڵ هاوەڵەکانیان کەتەندروستن بەمەبەستی یارمەتی دانیان.

## بەشی سێیەم/تەوەری یەکەم: ئۆتیزم وخێزان

خێزانی کۆمەڵگەی ئێمە پێویستی بەڕێنمای وهاوکاری هەیە، تابتوانێت مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ منداڵەکەیدا بکات، بەتایبەت کەبۆی دەردەکەوێت، منداڵەکەی ئۆتیزمی لەگەڵدایە.

زۆرجار خێزانێك دەبینیت منداڵەکەی لە (قسەکردن وکۆمەڵێك توانای ڕۆژانە دواکەوتووە پەنادەبات بۆلای پزیشکی پسپۆری منداڵان، بەتایبەت ئەو خێزانانەی منداڵی تریان هەیە وئەو منداڵانەش بێ کێشە بوون وهیچ دواکەوتنێکیان نەبووە، یان ئەو خێزانانەی منداڵێکیان هەبووە ودرەنگ پێیان زانیوە، کەتوش بووە بەئۆتیزم، بۆیە بۆ منداڵی دووەم زوتر هەست بەدواکەوتنەکان دەکەن وزوتر خەمی دەخۆن ودەیانەوێت چارەسەری بۆ بدۆزنەوە، بەڵام ئەگەر هاتوو خێزانێك ئەگەر منداڵەکەی هەندێك کێشەی هەبێت وبەکێشەی نەزانن، ئەوە دەبێتە هۆی دواکەوتنی چارەسەر یان باشتر بون، بۆیە دەبێت خێزان زۆر وریا بێت، لەوەی کەمنداڵەکەی هەندێك دواکەوتنی هەبوو، یان هەندێك ڕەفتاری نامۆی هەبوو دەبێت خەمی بخوات، چونکە لەوحاڵەتانەی کەپێویستن بەڕەفتار ولەمامەڵە دەردەکەوێت، پێویستە خێزان زوو خەمی ئەو منداڵە بخوات وهەموو ئەو هەنگاوانە بنیت، تا زووتر هاوکاری بکات ئەگەر هاتوو منداڵەکە ئۆتیزمی بوو، ئەوە تازوتر دەست نیشان بکرێت باشترە، چونکە تا لەتەمەنی منداڵیدا ئیشی (ڕاهێنان) لەگەڵدا بکرێت،ئەوە زیاتر ئومێدی باشتر بوونی هەیە، نەك چارەسەر چونکە تائێستا بەداخەوە چارەسەرێکی تەواو نیە بۆ ئۆتیزم.بەداخەوە زۆر جار خێزان بەهۆی هەندێك کلتوور ودابونەریتی کۆمەلایەتیەوە منداڵەکەی دەشارێتەوە وپێی شەرمە، کەمنداڵێکی ئۆتیزمی هەبێت، یان ڕەنگە هەر نەزانێت ئۆتیزمە، بەڵام ئەم شاردنەوەیە گەورەترین زیان بەومنداڵە دەگەیەنێت ولەبەرەوپێشچوون لەتواناکانیدا دوای دەخات، واتا تا زووتر منداڵەکە دەستنیشان بکرێت، ئەوە زووتر بەرەوپێش دەچێت، نەك بەدانان لەچوارێوەی دیواردا، ئەو ڕاهێنانەش دەبێت کەسانێکی شارەزا ئەنجامی بدەن، ئەگەر ئەوکەسە شارەزاییان نەبوو یان کەم بوون ئەوە لە هەموو حالەتیکدا ئەو کەسە شارەزایانە هەرچەندە زۆربن، وەك خێزان ڕۆڵ نابینن لەهاوکارییکردنی منداڵی ئۆتیزمدا، بۆیە ئێستا لەزۆر وڵات زیاتر خێزانەکان فێردەکرێن بۆ ڕاهێنانی منداڵی ئۆتیزم، چونکە بەداخەوە لەهەموو دونیا ئەم حاڵەتە (ئۆتیزم) لەزیادبوون دایە.

بەڵام لەهەموو حاڵەتەکاندا ئەوەی گرنگە خێزان بیزانێت دووخاڵە:یەکەم: دەبێت خێزان زۆر ئارام بێت لەگەڵ منداڵەکەی لەهەموو کاتەکاندا، چونکە منداڵی ئۆتیزم درەنگ فێردەبن وشت وەردەگرن.

دووەم: دەبێت خێزان سوربێت لەسەر ئەوەی کەمنداڵەکەی فێردەبێت، واتا هەوڵدان لەهەربوارێکدا لەگەڵی بدرێت ئەنجامی دەبێت، ئەمەش ڕاستیەکە وەدەبێت خێزان بیزانێت.

هەموو ئەو هەنگاوانە پێویستە بۆ هەموو منداڵی ئۆتیزم بنرێت لەلایەن خێزانەوە، بێگومان گرنگی هەیە، بۆیە پێویستە خێزان ئەوە بزانێت، ئەرکێکی قورسی لەئەستۆیە، دڵنیاشین لەوەی ئەو خێزانانەی منداڵی ئۆتیزمیان هەیە، زۆر ماندوون وبوونی ئەو منداڵە کاری کردۆتە سەر هەموو ئەندامانی خێزان بۆ جیاوازی، بۆیە ئاسان نیە، خێزانێك هەموو ژیانی بەهۆی منداڵێکی ئۆتیزمەوە بە بەرنامەو پلان بەڕیوە بروات، بەڵام ئەوەی گرنگە بیزانرێت ئەوەیە ئەو بەرنامە وپلانانە زۆرشت بۆ خێزان ومنداڵەکەش ئاسان دەکات، ئەمەش دەکەوێتە سەر سووربوونی خێزان لەسەر ئەو بەرنامە وئاستی وەرگرتنی منداڵەکە(رحمان،2013، 80).

## کاریگەری ئۆتیزم لەسەر خێزان:-

هەموو حاڵەتێکی کەمئەندامی یان خاوەن پێداویستی تایبەت لەزۆر ڕووەوە کاریگەری لەسەر خێزان هەیە، بەتایبەت حاڵەتە دەروونی وعەقڵیەکان، یان دەتوانین بڵێین ئەو حاڵەتانەی کەجەستەیی نین ودەستنیشانکردنیان ماوەیەکی زۆری دەوێت، ئۆتیزمیش دەچێتە ژێر ناوی ئەو حاڵەتانەوە، کەکاریگەریەکی گەورەی لەسەر خێزان هەیە لەچەند ڕوویەکەوە، وەك:

1- لەڕووی مادییەوە: بەهۆی ئەوەی حاڵەتی ئۆتیزم دەستنیشانکردنی ئاسان نییە وماوەیەکی زۆری دەوێت، بۆیە زۆربەی خێزانەکان چەندین وڵات وچەندین پزیشکی پسپۆڕ دەکەن،بۆئەوەی بزانن، منداڵەکەیان چییەتی.

2-لەڕووی دەروونیەوە یان مەعنەوییەوە: کاتێك خێزانێك منداڵەکەی بەئۆتیزم دەستنیشان دەکرێت وبەهۆی نەبوونی شارەزایی وئەزموونەوە خێزان توشی حاڵەتێکی دەروونی نالەبار ئەمەش کار دەکاتە سەر ژیانی بەشێوەیەکی گشتی.

3- لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە: بەهۆی ئەوەی منداڵی ئۆتیزم جوڵەی زۆرە وتوانای گوزارشتی نییە، بۆیە زۆرجار لەلایەن کۆمەڵگەوە ڕەتدەکرێتەوە وسەرزەنشتی خێزان دەکرێت، بۆیە ئەمەش دەبێتە هۆی دابڕانی خێزان لەکۆمەڵگە ولەبۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا .

## دووەم / ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی خێزانی ئۆتیزم دەبێتەوە:-

دایك وباوك چێژ دەبینن لەپەروەردەکردنی منداڵەکەیان وئامۆژگاری دەکەن، دایك وباوك وپەروەردەکاری منالی خاوەن پێداویستی تایبەت دەزانن کەشێوازی پەروەردەی ئاسایی بەکەڵك نایەت لەگەڵ منالەکانی ئەمان، دەبێت دایك وباوك بەشێوەیەکی جیاواز وتایبەت منداڵەکانیان بەخێو بکەن، دەبێت بەئاگابن لەجۆری ڕەفتار وکێشەی منداڵەکانیان، دوای خوێندنەوەی ئەوەی لەسەرەتادا خوێندتەوە دەبێ ئەوەت لەبەرچاو بێت کەمنداڵ بەهۆی کێشەیەکی بچوك لەپێکهاتەی مێشکەوە، دەبێت تۆش فێرببیت چۆن ئەمە ببینن، دەتوانین شێوازی بینینی منال فێربێت (بیینێك پڕە لەگومان)، دەتوانی لەویدا ببینی کەلەساتێکدا هەستی ببینین لەدەست دەدات، ورده ورده زیاتر وزیاتر فێردەبێت لەچۆنیەتی بینینی منال بۆ دەوروبەری، ئەگەر منال لەشوێنێکەوە بگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی تر، واتا هەموو جیهانەکەی ئەوەت گۆڕیوە، تۆ فێردەبیت کەمێشکی منال لەحاڵەتی شڵەژان دەبێت کەی مەتەڵی زیاتر شی بکاتەوە؟؟ ڕەوشتەکانی سەرچاوە دەگرن لەبیرکردنەوەکانیەوە چۆن دەتوانی بەشێوەیەکی جیاواز دەربڕینی هەبێت، قورسی بەدی دەکات لەهەڵبژاردنی ووشە بۆ دەربڕینەکانی وهەستەکانی، دەوەستێت چونکە فێرنەبووە ونازانێت چۆن شتەکانی دەوروبەری شی بکاتەوە، ئەمە دەبێتە هۆی ڕەفتاری نەخوازراو، ئەم ڕەفتارانە سەرچاوەیان گرتووە لەو شڵەژان وتێنەگەشتنانەی منال تووشی دەبێت، چاویلکەی ئۆتیزم بخەرە چاوت ودووبارە سەیری منالەکە بکەرەوە لەگەڵ زانیارییەکان کەبەدەستت هێناوە ئنجا ببینە چیت لێ داواکراوە، پێویستە لەسەر تۆ بەپێی زانیارییەکان شتەکان لێك بدەیتەوە دەبێت پەیوەندییەکانت بەپێی پێویستی ئەوبێت(کولیە،2006:45).

**ڕۆڵی خێزان:-**دایك وباوك دەبنە بەشێك لەکرداری فێربوونی منال تا دڵنیاببنەوە لەوەی کەڕاهێنانە خوازراوەکان تێکەڵ دەبن بەژیانی ڕۆژانە لەماڵەوە ولەکۆمەڵگا وبەئەندامێکی چالاك دادەنرێت لەتیمی پلانی پەروەردەیی تاك وهەروەها دایك وباوك دەبنە پارێزەر بۆ پاراستنی مافی منالەکەیان بۆ دڵنیابوون لەکرداری پەروەردەیی وگەشە بەشێوەیەکی گونجاو کۆمەڵێ پێداویستی گرنگ لەچوارچێوەی ژیانی خێزاندا دەردەکەوێت، لەوەش پێویستی منالانی تر وپێویستی دایك وباوك وەك تاکێك لەناو خێزانە وپێداویستیەکانی خێران بەشێوەیەکی گشتی، دایك وباوك توشی خەفەت و تورەبوون وشکست هێنان وکۆمەڵێ تر لەکاردانەوەی ڕەفتاری ئالۆز کەدەبێتە هۆی دەرخستنی منالی ئۆتیزم لەناو خێزان وپێویستی بۆ قوربانی دان بۆ تێرکردپێویستی وئارەزووەکانی منالەکەیان، زۆربەی دایك وباوك کاریگەری

دەکەن لەگەڵ ئەم پێویستیانە وتوشی پەستانی دەروونی دەبن لەکاتی کرداری گەشەی منداڵەکانیان.

**رۆڵی خوشك وبرا:**-بەڵگەیەك نی یە لەسەر رۆڵی کەم ئەندانەکان لەسەر برا وخوشکیان، هەندێ منداڵ ئاسایی کاریگەر دەبن بەخوشك وبرا کەم ئەندامەکانیان.بەڵام هەندێکی تریان بەپێچەوانەوە خۆگرن ولەکۆتاییدا سود دەبین لەو تاقیکردنەوەی پێیدا تێدەپەڕن وزۆربەی کات دەبەسترێتەوەبەفاکتەرە زانراو نەزانیراوەکان، وەك قورسی کەم ئەندامی منداڵەکە وقورسی رەفتارەکانی وکەسایەتی خوشك وبراکانینیان وئاراستەی دایك وباوکیان ئەشێت شتێ بەلایانەوە قورس بێت ئەویش زیاتر گرنگی پێدانی دایك وباوکیان بەکەسە کەم ئەندامەکەی ماڵدا، بەتایبەت ئەگەر منداڵەکە ئۆتیزمی هەبێت، بەپێی بۆچوونی ئەوان هاوسەنگییەك نیە لەنێوان مامەڵەدا وئەم کێشەیە زیاتر ئەو منداڵانە پێی کاریگەر دەبن کە تەمەنیان نزیکە لەتەمەنی منداڵی توشبوو بەئۆتیزم بۆیە دەبێت باوك ودایك وریابن لەمامەڵەکردن لەگەڵ منداڵەکانیان وماف ونازی خۆیان پێبدەن وئەگەر بکرێت بەپێی توانا داوای یارمەتی بکەن لەکەسێك بۆکاری ماڵەوە ئەمە ئەشێ یارمەتی دایك وباوك بدات بۆ رێکخستنی کارەکانیان .

**کێشەکانی دایك وباوك:-**

دەبێت دایك وباوك لەگەڵ کۆمەڵێك کێشە مامەڵە بکەن هەندێکیان کرداری وهەندێکی تریان هەڵچونی زۆرێك لەم کێشانە بەربڵاوە لای دایك وباوکانی منداڵانی کەم ئەندام وکۆمەڵێك تایبەتن بەمنداڵی ئۆتیزم.

**یەکەم \کێشە گشتییەکان:-**

دایك وباوك منداڵی کەم ئەندام گۆڕانکاری دروست دەبێت لەئاراستەکانیان کاتێك یەکەم ئەندامی منداڵەکانیان دەزانن، ئەمەش خۆی لەخۆیدا کارێکی ئازار بەخشەن، قورسە بۆ دایك وباوکێك لەچاوەڕێی منداڵێکی سەلامەت ولەش ساغی دەکرد مامەڵ بکات لەگەڵ بارەودۆخێکی تازە لەهەموو هیوا وپلانیان بۆ داهاتووی منداڵەکەیان لێ دەشێوێنێت، قورسە بتوانن بەرەنگاری هەستەکانیان ببێنەوە، شڵەژانە عەقڵییەکان وجەستەییەکان دەبنەوە ووروژێنەرێك بۆ هەستی شەرم کردن وهەست بەتاوان وماندوییەتی کەچاوەڕوان کراوە لەم حاڵەتانەدا.دایك وباوکی منداڵی ئاسایی منداڵەکانیان دەبینن بەشێوەیەکی ئاسایی ولەتەمەنێکی ئاسایی دەچنە قوتابخانەی ئاسایی لەکاتێکدا منداڵەکەی ئەمان دەبێت بخرێتە قوتابخانەی تایبەت بەحاڵەتی خۆی ئەمەش دەبێتە وروژێنەرێك بۆ هەستەکانیان، منداڵ توشی کۆمەڵێك نازناو گاڵتەپێکردن دەبێت لەرووی کۆمەڵگاوە ودەبێت دایك وباوك بەشێوەیەك ژیانیان رێك بخەن بگونجێ لەگەڵ ئەو قورسی ومامەڵانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، پشت بەستن بەدایك وباوك لەلایەن منداڵی ئۆتیزم درێژە دەکێشێت هەتا تەمەنی هەرزەکاری وکامڵ بوون، هەڵسوکەوتە قورسەکان زیاتر ڕوون وئاشکرا دەبێت ومامەڵەکردن لەگەڵ شەڕەنگێزی منداڵ دەبێتە کردارێکی قورس، تەنانەت ئەگەر چی خوێندنی گونجاو وەربگرێت، بەڵام دواتر کارکردن قورس دەبێت  بۆیان بەتایبەت ئەگەر کەم ئەندامیەکە قورس بێت مامەڵەی دایك وباوك قورس دەبێت، لەگەڵ منداڵ وخەم وترسی داهاتوی منداڵەکەیان دەیانترسێنێت بەتایبەت دوای مردنی خۆیان، بوونی منداڵێکی کەمئەندام لەماڵەکە واتا دەبێت ژیانی کۆمەڵایەتیت سنورداربێت، ئەشێ هەندێك کات هێنانی بەخێوکەر بۆ ماڵەکەت قورس بێت(ابراهم،2004:52).

**دووەم/ کێشە تایبەتەکان:-**

منداڵی ئۆتیزم پێش دوو ساڵ پێی نازانرێ بۆ هەتا کاتی زانینی حاڵەتی منداڵ، دایك وباوك لەحاڵەتێکی دڵەڕاوکێ دەژین لەوەی کەمنداڵەکەیان ناتەواو بێت، بۆیە دەبێت لەم کاتەیا دوو دڵی دایك وباوك بەشتێکی ئاسایی وەربگرێ لەم کاتەدا داوا لەکەسانی پسپۆڕ دەکەن.لێرە قبوڵکردنی ڕاستیەك شتێکی قورس دەبێت ودواکەوتنی پشکنینی وزانینی حاڵەتەکە دەبێتە هۆی دروست بوونی کێشەی رەفتاری لاوەکی، لەوەیە لەگەڵ زانینی حاڵەتەکە مامەڵە کردن لەگەڵی ئاسانتربێت.هەندێك کات دایك وباوك هەست بەبێ دەسەڵاتی دەکەن بەرامبەر بەکردنی شتێکی گونجاو بۆ منداڵەکەیان چونکە نازانن چۆن مامەڵە بکەن لەگەڵ منداڵە ئۆتیزمەکەیان ولەگەڵ نیشانەکانی ئۆتیزم، ئەشێ هەندێك جار مامەڵەیەك بگرنەبەر بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بێ ئەوەی بزانن ئەو ماوە گونجاوە یان نا تا ئەو رەفتارە کاریگەری خۆی هەبێ، قبوڵکردنی کەمئەندامیەکە هۆکارێکی گرنگە بۆ چۆنیەتی مامەڵە وهەوڵدان وسەیرکردن بۆ منداڵەکانیان، کەئەمە لەحاڵەتێکدا لەمنداڵی ئۆتیزم زۆر قورسترە وەك لەمنداڵی داون.

**سێیەم/ کێشە کۆمەڵایەتی ودەروونیەکانی خێزانی منداڵی ئۆتیزم:-**

**1- کێشەی کۆمەڵایەتی:**-مەبەست لێی دەوروبەری کۆمەڵگەی خێزان وتاکەکانی کەلەوانەیە ببێتەهۆی پاڵپشتی وزیادکردنەوەی کێشەکانی خێزان بجولێنێ کەچەند هۆکارێکی هەیەکە ئەویش گۆڕانی کۆمەڵایەتی هەندێك وادەبینن کەئەم کاریگەرە لەهەرە دیارەکان وهۆکارەکانی کێشەکانی خێزانە لەناو کۆمەڵگەدا کەدادەنرێت بەبنچینەی هۆکاری کاریگەرتر، وەئەم گۆڕانکاریە خێراییەی کەبەسەر کۆمەڵگەی موسوڵماناندا هات بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو کاریگەری دروست کردووە لەپێشبڕکێی تاکەکان کەبووە بەیەکێك لەکاریگەرە سەرەکیەکانی زاڵ بوونی

پەیوەندی یە کۆمەڵایەتیەکان کەخراپن بووە هۆی زاڵکردنی خۆپەرستی وهەوڵدان بۆ سەپاندن ودیاریکردنی لەناو کۆمەڵگەدا. کاریگەری خزمایەتی وکۆمەڵ وهاورێ هەرچەند لەگرنگی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەبەهێزکردنی خێزاندا هەیە، بەڵام هاوشێوەی ئەم پەیوەندیانە دەبێتە هۆکار بۆ کێشەکانی خێزان، کەخزم وکەسوکار کاریگەری خراپ دروست دەکات، کاتێك یەکێك لەلایەنە پەیوەندی دارەکان دژی ئەوی تر یەکێك بجوڵێنێ یان بەشداری لەشتێك لەکێشە وجیاوازی خێزان یان شێوەی پەروەردەی منداڵ، وەهەروەها کۆمەڵ وبرادەریە لەهەرکۆمەڵە کاریگەرەکانە لەپێگەیشتنی کۆمەڵگە، وەئەم کۆمەڵە گرنگی تایبەتی خۆی لەسەردەمی هەرزەکاریدا دەبێ وەیەکێك لەهەرە کاریگەرە دیارەکان بریتییە لە مەیل (حەز) کردن بۆ بوونی هاورێ وە کۆشش بۆ رزگاربوون لەژێر دەستەی خێزان وەخۆدەرخستن بەسەربەخۆ وە ئەگەر ئەم هاورێیەتیە خراپ بوو ئەوا ئەم لاوە بەم بۆچوونە خراپانەی سەردەکێشێت بۆ رابواردن وتێرکردنی جنس وتوندوتیژی(شوان،2013: 24).

**2-کێشەی دەروونی :-**کەمتەرخەمی لایەنی دەروونی چەندەها کێشەی هەڵچوونی (سلوکی)وە هەڵسوکەوتی ناو خێزانی لێ دەکەوێتەوە کەهۆکاری خراپ دروست دەکات لەناو خێزانەکاندا چی پەیوەندی خێزانی یان تاکەکەسی لەسەر هەڵدانی کێشەکاندا کەدەردەکەوێت لە:-

1- توش بوون بەنەخۆشیە دەرونیەکان:-ئەوەی گومانی تێدانیە تەندروستی دەرونی هۆکاری هاوسەنگی ڕاگرتنی تاکە، وەتوشبوون بەنەخۆشیە دەرونیاکان وئەو لەنگەرە تێك ئەدات وهۆکار دەبێت لەسەر بەردەوامی وئاڕاستەکردنی لەسەر تاکەکانی ناو کۆمەڵگە لەلایەنی دەرونی وکۆمەڵایەتی وئابوری جیاوازدا.

2-جۆراو جۆری بیروبۆچوون ولایەنگیری:-ڕێکەوتنی بیرو بۆچوون ولایەن گیری هۆکاری پاڵ پشتن بۆ سەقامگیری خێزان وپەیوەندیەکانیان وەدورکەوتنەوە لەهەموو رِق لێ بوون وفراندن کەرێژەکانیان تیك ئەدات وەهەر هۆکارێکی تر بۆ گیروگرفتەکان ووەپێچەوانەش ڕاستە، جیاوازی ودورکەوتنەوەی بیروبۆچونەکان دەبێتە هۆی تێك چونی دورکەوتنەوە هەڵچوونەکانیان دەبێتە هۆی کێبڕکێی خێزانی.

3-پەستانی (تەنگەشەکانی ژیان) :-گەشە کردن وخێرا پێگەیشتنی شارستانی لەهەموو لایەنە جیاوازەکانی ژیان وە ئەو رووداوی شك و توندی وکێ برکێ بۆ خۆپاراستن ودەست کەوتنی شوێنی گەورە لەخێزان ئەمە پەستانێکی زۆر لەسەر خێزانەکان دروست دەکات، هەروەك خیزانەکانی ئەمرۆ کە چەندەها پەستانی ناوەکی و دەرەکیان لەسەرە هەروەك پەستان وپیشکەوتن لەبواری کاروهەواڵدان بۆ پێگەیاندنی نەوەکانمان بەپێگەیاندنێکی یەك ڕیز لەسایەی ئەم کێ برکێ جیاوازانەدا جیاوازانەوە کەپەستانە لەسەر خێزان جگە لەپەستانەکانی کەلەسەر پێویستیەکانی ژیان لەلاین مادی ومەعنەوی(ابراهم،2004: 354).

**3-کێشە ئابووریەکان:-** پەیوەندی ئابوری هۆکاری بنچینە یی یە لەبەیەکەوە بەستنی خێزان وبەدەست هینانی پێویستیە جیاوازەکان، ئەبینرێ سەرچاوەی داهاتی خێزان واتە بەدەست هێنانی سەقامگیری مادی کەئەتوانرێت ئامانجەکانی بهێنێتە دی وەبەپێچەوانەشەوە ڕاستە کەئابوری خراپە ئەبێتە هۆی رێگر لەنێوان ژن ومێرد وژیانی خێزاندا.-

## پاڵپشتی کۆمەڵایەتی خێزانی منداڵی ئۆتیزم:-

جۆرەکانی پاڵپشتی کۆمەڵایەتی بۆ خێزان بەرنامەکانی پاڵپشتی خێزانی وئاسان کردنی تۆڕی کارکردن وکۆمەڵایەتی پاڵپشتی لەخۆ دەگرێت، بەرنامەی پاڵپشتی خێزان هەڵدەستێت بەبەستنەوەی هەریەك لەپاڵپشتی فەرمی ونافەرمی کەسەرچاوەکان دەگرێتەوە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر وشێوازی کۆمەڵەکان وپێك بەستنەوە ولەزۆربەی سەرچاوەکانی پاڵپشتی وەك سەردانی کردنی ماڵەوە بەرنامەکانی پاڵپشتی خێزان کاردەکاتی بۆ پاڵپشتی هەڵچونی وبەرنامە وئاسانکاری کردارەکان وکاردەکات بۆ چالاك کردن ورێکخستنی ئەندامانی خێزان بەرنامەکانی پاڵپشتی خێزان کاردەکات بۆکردنەوەی گفتوگۆ لەنێوان دایك وباوکان بۆ گەیشتن بەباشترین رێگە مامەڵە وچۆنیەتی پەروەردەکردنی منداڵ بەباشترین شێوە وهەڵبژاردنی رەفتاری گونجاو( احمد،2006: 111).

## چوارەم/ ئەو ڕێنمایانەی کەئاراستەی خێزانی ئۆتیزم دەکرێن لەلایەن سەنتەرەکانەوە:-

1- پێویستە خێزان جیاوازی منداڵەکەی بەبەربەست سەیر نەکات، چونکە ئەو جیاوازیە زۆرجار دەبێت بەخاڵی بەهێز لەداهاتوودا، دەبێت خێزان سوربێت لەسەر ئەوەی منداڵەکەی فێربێت، ڕەنگە فێرکردنی بچوکترین توانا ماوەیەکی زۆر بخایەنێت، بۆیە نابێت خێزان توشی بێ ئومێدی ببێت، بەپێچەوانەوە ڕەنگە زۆر بەخێرای ڕابێت وبەرەو پێش بچێت.

2- پێویستە خێزان ئەو خاڵانە بزانێت، کەدەبنە هۆی هەڵچوون وتورەبوونی منداڵەکەی، چونکە بەنەزانینی ئەو هۆکارانە هەڵچوون وتورەبوونی منداڵ زیاد دەکات ودوورنیە ئازاری خۆی یان کەسانی بەرامبەر بدات. هەندێ منداڵ هەست بەبرسێتی ناکەن، بۆیە پێویستە خێزان ئاگاداری ئەم خاڵە بێت وبەبەرنامە کاتی ژەمەکانی خواردنی دیاری بکات، دەکرێت ئەم بەرنامەیەش بەوێنە بێت، بەپێچەوانەوە هەندێ

منداڵی ئۆتیزم هەیە، هەست بەتێربوون ناکەن وبەردەوام هەست دەکەن، برسیانە ورەنگە ئەگەر وازی لێ بێنن، لەسەر خواردن هەڵنەستێت، ئەمەش خۆی لەخۆیدا کێشە وبەتێپەڕبوونی کات منداڵەکە زۆر قەڵەو دەبێت وتوانای ڕاهێنان وجوڵەی نامێنێت ودوورنیە، مادە ژەهراوییەکانی لەشی زیادنەکات.

3- ڕەنگە منداڵەکە لەشتی مەترسیدار نەترسێت، وەك چوونە جێگایەکی بەرز، بەپێچەوانەوە ڕەنگە لەهەندێ شت بترسێت، کەمەترسیدار نین، بۆنموونە ترس لەمێرووله، بەڵام لەهەموو حاڵەتەکاندا نابێت، تورەبین وئازاری بدەین، پێویستە زۆر بەهێمنی فێربکرێت، چی مەترسیدارە و چی مەترسیدار نیە، بەتێپەڕبوونی کات دەبینین زۆر بەئاسانی ڕادێت.

4- نابێت منداڵەکەت لەژینگەی دەرەوە دابرێت، چونکە ژینگەی دەرەوە هاوکاری دەکات بۆ فێربوون و تێکەڵبوون وزۆر شتی تر. منداڵەکەت پێویستی بەوە هەیە، لەکاتی ئەنجامدانی هەرکارێکی باش پاداشت بکەیت، ئیتر ئەو پاداشتە خواردن بێت، یان یاریکردن، یان هیچ نەبێت لەباوەشکردن وهاندانی.

6- هەندێك جارمنداڵەکەت بەهۆی یان بەبێ هۆهاواردەکات وتورە دەبێت، بۆیە باشتر وایە،لەوجێگایە دووری بخەینەوە،چونکە ڕەنگە شتێك بوویێتە هۆی ئەوهەڵچوونە، بەڵام بۆتۆ ئەوهۆکارە نەزانراوە، یان هیچ نەبێت هەوڵ بدە، هەموو ئەوشتانەی دەنگی هەیە، بێدەنگی بکە، بۆ نموونە تەلەفیزیۆن.(رحمان،2013: 153)

7- ڕەگە هەندێ جار منداڵەکەت بەجلەکانی بێزاربێت، بۆنموونە بلوزەکەی یان قەمسەڵەکەی یان جلێکی تازە، بۆیە دەبێت ئەو جلانەی دابکەنرێت، کاتێك هەست کرا بووەتە هۆی بێزاربوونی.نابێت هەوڵی گۆڕینی ڕەفتاری منداڵە بدەی لەوجێگایانەی ڕەفتارێك دەنوێنێت و بۆتۆ ئەو ڕەفتارە دەبێتە مایەی شەرمەزاریت، چونکە ئەوان کەسانی لادەرنین تا هەوڵبدرێت ڕەفتاریان بگۆڕدرێت.

8- ئەو منداڵانەی سەر دەجوڵێنەوە بۆ پێشەوە یان دواوە بۆ ئەوەی ئەو سەر جوڵاندنە نەبێتە هۆی کەوتنی یان بەرکەوتنی بەرشتێکی ڕەق ئازاری بدات، باشتر وایە، کورسی جوولاوی بۆ بەکاربێنن.

9-زۆربەی منداڵانی ئۆتیزم ڕەفتاری ئازاردانی خۆیان بەرامبەری دەبێت، ئەمەش حاڵەتێکی باش نییە، بەڵام دەتوانرێت ئەم ڕەفتارە کەم بکرێتەوە.تۆبە تەنهانیت، کەمنداڵی ئۆتیزمت هەیە،دڵنیابە کەکەسانێکی ترهەیە،منداڵی ئۆتیزمیان هەیە،بەڵام ژیانیش لێرەدا کۆتایی نایەت وناوەستێت، دڵنیاش بە کەسانێك دەبێت هاوکاریت بکات.

10-قوتابخانە باشترین جێگایە بۆ ڕاهێنان وگەشەی کۆمەڵایەتی وتواناکانی منداڵ، بۆیە ئەگەر منداڵەکەت توانای قسەکردنی لەقوتابخانە هەبوو، بێبەشی مەکە وگوێ بەقسەی دەوروبەر مەدە، دڵنیابە کەسانێك دەڵێن، منداڵەکەت بۆ قوتابخانە نابێت ودەبێتە هۆی تێکدانی ژینگەی پۆل، بەڵام ئەوەی گرنگە هەتا بتوانرێت هەوڵ بدرێت ژینگەی ئەو قوتابخانەیە لەباربێت بۆ منداڵەکە.

11-منداڵی ئۆتیزم کاتی خەوتن وهەڵسان لەخەو نازانێت، ئەوەش پێویستی بەکاتێکی زۆر هەیە تا ڕابێت، بەڵام دڵنیابە کەڕادێت.منداڵی ئۆتیزم لەووشەی (عەیبە) تێناگات، بۆیە ئەو ووشەیەی لەگەڵدا بەکارمەهێنە. هەوڵبدە کەقسەدەکەی لەگەڵ منداڵەکەتدا لەگەڵ ووشەکان ئاماژە بە ووشەکان بکە، واتا جوڵە لەگەڵ ووشەکاندا بەکاربێنە کورتترین وئاسانترین ووشە ورستە لەگەڵ منداڵی ئۆتیزم بەکاربێنە.

## تەوەرەی یەکەم: میتۆدی توێژینەوە

تا ئێستا زانایان و توێژەران نەیان توانیووە بگەنە ڕێکەوتنێك لەسەر پۆلێنکردنی یەك میتۆد بۆ توێژینەوەیەکی زانستی , ئەمەش بەهۆی چەند هۆکارێك بوو کە گرنگترینیان ئەوەیە دیاردە مرۆییەکان ئاڵۆزە و زۆر هۆکار کاری تێدەکات لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوودا , هەر بۆیە دەتوانرێت لە ئامادەکردنی یەك توێژینەوەدا لە یەك میتۆد زیاتر بەکاربهێنرێت(عبدالباسگ،2007: 338) .بەپێی سروشتی توێژینەوەکە, هەر بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەر سێ میتۆدی ڕووپێوی و کۆمەڵایەتی و مێژووی بەکارهاتووە هەریەکەیان بەجیا دەخرێتەڕوو .

دەروازەی دووەم:لایەنی مەیدانی /بەشی ضوارەم

### 1-میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی (منهج المسح الاجتماعی) :

ئەم میتۆدە یەکێکە لە میتۆدە سەرەکیەکان کە لە توێژینەوە وەسفیەکاندا بەکاردەهێنرێت وە دەتوانین پێناسەی بکەین بەوەی ( لێکۆڵینەوەیەکی زانستی ڕەوشی کۆمەڵگە و پێویستیەکانی دەکات بەمەبەستی پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی دارێژراو بۆ چاکسازی کردنی کۆمەڵگە ) .هەروەها جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی ئەم میتۆدە مەیدانیە بۆ لێکۆڵینەوە لە دیاردەیەك یان کێشەیەکی کۆمەڵایەتی یان ڕەوشتێکی کۆمەڵایەتی باوی دیاری کراو لەناوچەیەکی جوگرافی دا بەکاردێت(عبدالصمد،2001: 45)

### 2-نمونەی توێژینەوەکە:

نمونەی توێژینەوە نمونەیەکی هەرەمەکی مەبەستدارە لەبەر ئەوەی بەبێ جیاوازی لەئاست و پلەو چەند تایبەتمەندیەکی وەرنەگیراوە و بەشێوەیەکی هەرەمەکی هەموو خێزانەکان وەرگیراون کە منداڵی ئۆتیزمیان هەیە بەبێ جیاوازی. هەر لەم

ڕوانگەیەوە لەم توێژینەوەیەدا توێژەر نموونەی وەرگرتووە ( 3 ) سەنتەر وەکو نموونە وەرگرتووە بۆ زانینی ڕۆڵیان لە پارێزگای سلێمانی لەکۆی ( 37 ) خێزان هەر ( 37 ) خێزانی وەك نموونەی توێژینەوەکە وەرگرتووە , وە لە کۆی ( 34 ) ستافی کارکردن لەسەنتەرەکەدا هەر ( 34 ) وەکو نموونەی توێژینەوەکە وەرگرتووە . توێژەر هەستاوە بە ئەنجامدانی ڕووپێوی بەڕێگەی وەرگرتنی نموونە سەرجەمیانی وەرگرتووە بە هەردوو ڕەگەزەوە لەسەنتەرەکاندا بەهۆی ئەوەی ژمارەیان کەم بوون و توانرا سەرجەمیان وەکو نموونەی توێژینەوەکە وەربگرین .

**سێیەم / بوارەکانی توێژینەوە :**

أ-بواری شوێنی / ئەم توێژینەوەیە لە سەنتەرەکانی ئۆتیزم لە هەرێمی کوردستاندا ( سلێمانی ) ئەنجامدراوە .

ب-بواری مرۆیی / توێژینەوەکە ئەو خێزانی منداڵی ئۆتیزمانە و ئەو ستافەیان وەرگرتووە کە لە سەنتەرەکانی لە هەرێمی کوردستاندا ( سلێمانی ) وە ( 3 ) سەنتەری وەرگرتووە وە ( 37 ) خێزان و ( 34 ) ستاف لە هەردوو ڕەگەز وەك نموونە وەرگیراوە .

ت-بواری کاتی / مەبەست لە بواری کاتی ئەو ماوەیەیە کە لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەی تیایدا ئەنجامدراوە.

**چوارەم/ ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری :**

ئامرازەکانی توێژینەوە کۆمەڵێك کەرەسە و شێوازە بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان کە لە توێژینەوەی خزمەتگوزاری و دەروناسی و کۆمەڵناسیدا زانیاریەکان لەسەر دیاردە و تایبەتمەندیە ڕەفتاریەکانی پەیوەستە بە تاکەکان کۆ دەکرێتەوە لەم توێژینەوەیەدا بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان بەشێوەی گونجاو و زانستی چەند ئامرازێك بەکارهاتووە کە بریتین لە :-

**1-فۆرمی توێژینەوە :**

فۆرمی توێژینەوە بریتیە لە کۆمەڵێك پرسیار کە ڕووبەڕووی بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەکرێتەوە کە ئەو پرسیارانە پەیوەندی هەیە بە ڕەوشی ئەو کەسانەی وەڵامی پرسیارەکان دەدەنەوە , جا چ خێزان بن یان کەسانی پیشەیی , هەروەها پەیوەندی هەیە بە بۆچوون و هەڵوێست و پێشبینی و هەروەها زانیاری و هۆشیاریان لەسەر ڕووداو یان دیاردەیەك یان گرفتێك یان هەر شتێك کە لەلای توێژەر گرنگ بێت(عبدالخالق،2010: 298) . ئامادەکردنی فۆرمی توێژینەوە لەم توێژینەوەیەدا بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە , ئەوانیش:

أ-ئامادەکردنی فۆرمی ڕاپرسی سەرەتایی , کە خۆی لە چەند پرسیارێکدا دەبینێتەوە وە هەروەها بوونی پرسیاری کراوەش تیایدا , دواتر ئەم فۆرمە دابەشکرا بەسەر ( 37 ) خێزان و ( 34 ) ستافدا لە سەنتەرەکانی ئۆتیزمی سلێمانی , دوای وەرگرتنەوەی فۆرمەکان توێژەر هەندێك زانیاری دەستکەوت لەسەر ڕۆڵی سەنتەرەکان کە سوودێکی باشی هەبوو بۆ داڕشتنی فۆرمی توێژینەوەکە .

ب-سوود وەرگرتن لە لایەنی تیۆری توێژینەوەکە کە تێیدا توێژەر بەهۆی خستنەڕووی ڕەوشی منداڵە ئۆتیزمەکەیان چەندین پرسیاری بۆ دروست کردین .

ت-سوود وەرگرتن لە ئەزموونی پسپۆڕان و شارەزایانی ئەم بوارە کە بەتێبینی و سەرنجەکانیان سودێکی زۆریان پێگەیاندین تا فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی زانستی و ورد و گونجا و ئامادەبکرێت , هەر وەك ئەزموونی توێژەر سودی لە ئامادەکردنی فۆرمەکە هەبوو بەو پیشەیەی خوێندنەوەی بەردەوامی لەسەر ئەم بابەتە هەبووە .

**2-چاوپێکەوتن :**

چاوپێکەوتن یەکێکە لە شێوازێکی پرسیار ئاڕاستەکردنە کە لەژیانەی ڕۆژانەی خەڵکیدا ئەنجامدەدرێت بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر بنەمایەکی زانستیانە , لە هەمان کاتدا چاوپێکەوتن بە یەکێك لە گرنگترین ئامرازەکانی توێژینەوە دادەنرێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە بواری کۆمەڵناسی و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و دەروناسیدا , بەبێ بوونی چاوپێکەوتن توێژەر ناتوانێت بە ڕاستیەکان ئاشنابێت و پۆلێنکاری زانستیانەی بۆ بکات تا یارمەتی بدات بۆ ئەنجامەکانی کۆتایی کە توێژەر بەکاری دەهێنێت بۆ ئاشکراکردنی بابەتی توێژینەوەکە بۆ ئاشنا بوون بەرۆڵی سەنتەرەکان توێژەر چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەڕێوەبەری هەر سێ سەنتەرەکەی کرد بەهۆی چاوپێکەوتنەوە توێژەرتوانی پرسیارەکانیان بۆ ڕوون بکاتەوە تا بەشێوەیەکی ڕاست و گونجاو وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە(حسن،2009: 93) .

**3-تێبینی :**

تێبینی بریتیە لە پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیاریەکان لەڕێگەی چاودێری کردنی ورد و مەبەستدارەوە بۆ ڕەفتار یان دیاردەیەکی دیاری کراو , دواتر تۆمار کردنی زانیاریەکان لەسەر ئەو دیاردەیە لەلایەن توێژەرەوە .هەروەك تێبینی بە کۆنترین ئامراز دادەنرێت کە مرۆڤ بۆ گەیشتن بە ڕاستیەکان بەکاریهێناوە(فوزی،2008: 83), ئەوەی ئەم ئامرازە لە ئامرازەکانی تری کۆکردنەوەی زانیاری جیادەکاتەوە ئەوەیە سوود لێ وەردەگیرێت بۆ کۆکردنەوەی ئەو زانیاریانەی پەیوەستە بە ڕفتاری کرداری تاکەکانەوە لە هەندێ هەڵوێستی ڕاستەقینەیان لە ژیاندا , هەروەها سودی لێوەردەگیرێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر هەندێك دۆخی توێژەران کە ئامادەنین وەڵامی پرسیارەکانی توێژەری لەسەر بدەنەوە .هەر لەبەر گرنگی ئەم ئامرازە لەم توێژینەوەیەدا بایەخێکی زۆری

پێدراو , توێژەر هەستاوە بە تێبینی کردنی ڕۆڵی سەنتەرەکان و لە هەرێمی کوردستاندا ( سلێمانی ) لەرێگەی چاودێری کردنی بەردەوامی لەو ماوەیەی کە سەرقاڵی دابەشکردن و پڕکردنەوەی فۆرمی توێژینەوە بووە دڵنیابوون لە ڕاستی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە بۆ ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەیان دەکرا(عبدالباسگ ،2005: 460).

**پێنجەم / ئامرازە ئامارییەکان :**

لەم توێژینەوەیەدا چەند ئامرازێکی ئاماری بەکارهاتوون بۆ بە ئەنجامگەیاندنی کارە مەیدانەکان و بەدیهێنانی ئاماانجەکانی توێژینەوەکە و گۆرینی وەڵامی خێزان و سەنتەرەکان بۆ داتا و ئاماری ورد , کە بریتین لە :

1-ناوەندی ژمێرەیی ( الوسط الحسابي ) :

ئەم ئامرازە ئامارییە بۆ دۆزینەوەی ناوەندی تەمەنی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەکارهاتووە(عبدالله،2006: 217) .

$$م = \frac{مج\ س\ ك}{مج\ ك}$$

**2- ڕێژەی سەدی ( النسبة المؤية ) :-**

ئەم ئامرازە ئامارییە بۆ زانینی ڕێژەی سەدی وەڵامی تاکەکانی نموونەی توێژینەوە وە بەراوردکردن و دەرخستنی جیاوازی نێوان وەڵامی تاکی نموونەی توێنەوەکە بەکارهاتووە(احسان،2012: 235) .

$$ڕێژەی\ سەدی = \frac{بەشی\ کەم}{بەشی\ زۆر} * 100$$

تەوەرەی دووەم : خستنەرووی خشتە ئامارییەکان و شیکردنەوەی زانیاریەکان

تەوەرەی زانیارییە گشتیەکان.

خشتەی (1) جۆری ڕەگەز دەخاتەڕوو

| وەڵام | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | ٢٧ | %٧٣ |
| مێ | ١٠ | %٢٧ |
| کۆی گشتی | %٣٧ | %١٠٠ |

ئەنجامی خشتەی ( 1 ) بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی ( % 73) لە نموونەی توێژینەوەکەدا ڕەگەزی نێرن وە ڕێژەی (% 27) ئەندامان ڕەگەزی مێن . ئەوەی تێبینی کرا و خرایەروو ئەوەیە بەبەراوردکردن لەنێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا بەرێژەیەکی زۆر ڕەگەزی نێر زیاتر توشی تێکچوونی ئۆتیزم دەبن .

خشتەی (2) شوێنی نیشتەجێبوون دەخاتەڕوو

| وەڵام | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| گوند | ٢ | ٦ % |
| قەزا | ١ | ٢ % |
| ناحیە | ٢ | ٦ % |
| ناوشار | ٣٢ | ٨٦ % |
| کۆی گشتی | ٣٧ | ١٠٠ % |

ئەنجامی خشتەی (2) بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی ( % 6 ) لە نموونەی توێژینەوەکەدا لە گوندن وە ڕێژەی ( % 2 ) ئەندامانی لە قەزان وە ( % 6 ) لە نموونەی توێژینەوەکەدا لە ناحیەن وە ( % 86) لە نموونەی توێژینەوەکەدا لە ناوشارن . بەپێی ئەم ئەنجامە کە ڕوونی دەکاتەوە زۆرینەی منداڵە ئۆتیزمەکان لەشارەکاندا نیشتەجێبوون و لەلایەن کەس و کاریانەوە نێردراونەتە سەنتەرەکانی ئۆتیزم و لەوێدا ڕاهێنانیان پێ دەکرێت.

خشتەی (3) ئاستی خوێندەواری دایك دەخاتەڕوو

| وەڵام | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ٢ | ٥ % |
| سەرەتایی | ٦ | ١٧ % |
| ناوەندی | ٤ | ١١ % |
| ئامادەیی | ٢ | ٥ % |
| دبلۆم | ١٥ | ٤٠ % |
| بەکالۆریۆس | ٧ | ١٩ % |
| ماستەر | ١ | ٣ % |
| کۆی گشتی | ٣٧ | ١٠٠ % |

ئەنجامی خشتەی ( 3 ) بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی ( % 5 ) لە نموونەی توێژینەوەکەدا کە ( 2 ) کەس نەخوێندەوار وە ڕێژەی ( % 17 ) لە نموونەی توێژینەوەکەدا کە (6 ) کەس سەرەتایی وە ڕێژەی ( % 11) لە نموونەی توێژینەوەکەدا کە ( 4) کەس ناوەندی وە ڕێژەی ( % 5 ) لە نموونەی توێژینەوەکەدا کە ( 2 ) کەس ئامادەیی وە ڕێژەی ( % 40 ) لە نموونەی توێژینەوەکەدا کە ( 15 ) کەس دبلۆم وە ڕێژەی ( % 19 ) لە نموونەی توێژینەوەکەدا کە ( 7 ) کەس بەکالۆریۆس وە ڕێژەی ( % 3 ) لە نموونەی توێژینەوەکەدا کە ( 1 ) کەس ماستەر . ئەوەی تێبینی کراوە دەربدەخات زۆرینەی دایکان خوێندەوارن ئەمەش کاریگەریەکی زۆری هەیە لەسەر هۆشیاری دەربارەی تێکچوونی ئۆتیزم و تێگەیشتن لە منداڵەکەی . کەواتە ئاستی خوێندەواری دایك ڕۆڵی هەیە لە وشیار

کردنەوەی خودی خۆی سەبارەت بە تێکچوونی ئۆتیزم و زانیاری لەسەر ئەو تێکچوونە .

خشتەی (4) پەیوەندی خزمایەتی نێوان دایك و باوك دەخاتەڕوو

| وەڵام | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٧ | ١٩ % |
| نەخێر | ٣٠ | ٨١ % |
| کۆی گشتی | ٣٧ | ١٠٠ % |

ئەنجامی خشتەی ( 4 ) بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی ( 19 %) لە نموونەی توێژینەوەکەدا بەڵێیە وە ڕێژەی ( 81 % ) ئەندامان نەخێرە . بەپێی ئەم ئەنجامە کە خراوەتەڕوو بۆمان دەردەکەوێت کە زیاتر بۆماوەیی زاڵە لە توشبوون بە تێکچوونی ئۆتیزم بە بەراورد بە پەیوەندی خزمایەتی , چونکە هاوسەرگیری خزمایەتی هۆکارە بۆ تووش بوون بە تێکچوونی ئۆتیزم .

خشتەی (5) تێکڕای داهاتی مانگانەی دایك و باوك دەخاتەڕوو

| وەڵام | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ٣٠٠-٥٠٠ هەزار | ١١ | ٢٩ % |
| ٦٠٠-٨٠٠ هەزار | ١٧ | ٤٦ % |
| ٩٠٠ هەزار – ١ ملیۆن | ٨ | ٢٢ % |
| ٢ ملیۆن -٤ ملیۆن | ١ | ٣ % |
| کۆی گشتی | ٣٧ | ١٠٠ % |

ئەنجامی خشتەی ( 5 ) بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی ( 29 % ) لە نموونەی توێژینەوەکەدا داهاتیان لەنێوان ( 300-400 ) هەزار دایە وە ڕێژەی ( 46% ) لە نموونەی توێژینەوەکەدا داهاتیان لەنێوان ( 600-800 ) هەزار دایە وە ڕێژەی (22%) لە نموونەی توێژینەوەکەدا داهاتیان لەنێوان ( 900 هەزار -1 ملیۆن ) دایە وە ڕێژەی ( 3% ) لە نموونەی توێژینەوەکەدا داهاتیان لەنێوان ( 2-4 ) ملیۆن دایە . داهاتی مانگانەی خێزان دادەنرێت بە گۆڕاوێکی گرنگ لەم توێژینەوەیەدا ئەمەش لەبەرئەوەی دەمانگەیەنێتە ئەو وەڵامەی کە ئاستە جیاوازەکانی داهاتی مانگانە لەنێو خێزانەکاندا جیاوازی دروست دەکات یاخود لە کێشە ئابوورییەکانی خێزانی خاوەن منداڵی ئۆتیزم .کەواتە داهاتی مانگانەیان هۆکاری سەرەکیە بێبەشبوونی تێکچونی منداڵی ئۆتیزم لەنێو سەنتەرەکاندا .

خشتەی (6) گۆڕانی پەیوەندی ( دایك ) یان ( باوك ) لەگەڵ منداڵەکانی تردا دەخاتەڕوو

| وەڵام | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٥ | ١٣.٥ % |
| نەخێر | ٢٧ | ٧٣ % |
| هەندێک جار | ٥ | ١٣.٥ % |
| کۆی گشتی | ٣٧ | ١٠٠ % |

ئەنجامی خشتەی ( 6 ) بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی ( 13.5 % ) لە نموونەی توێژینەوەکەدا بەڵێیە وە ڕێژەی ( 73 % ) لە نموونەی توێژینەوەکەدا نەخێرە وە ڕێژەی ( 13.5 % ) لە نموونەی توێژینەوەکەدا هەندێکجار . بەپێی ئەو ئەنجامەی کە خراوەتەڕوو دەریدەخات کە بوونی منداڵێکی ئۆتیزم لەنێو خێزاندا نابێتە هۆکاری گۆڕانی پەیوەندی دایك و باوك لەگەڵ منداڵەکانی تردا .

خشتەی (7) گۆڕانی پەیوەندی خێزان لەگەڵ چواردەوردا دەخاتەڕوو

| وەڵام | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٣ | ٣٥ % |
| نەخێر | ١١ | ٣٠ % |
| هەندێک جار | ١٣ | ٣٥ % |
| کۆی گشتی | ٣٧ | ١٠٠ % |

ئەنجامی خشتەی ( 7 ) بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی ( 35 %) لە نموونەی توێژینەوەکەدا بەڵێیە وە ڕێژەی( 30 % ) لە نموونەی توێژینەوەکەدا نەخێرە وە ڕێژەی ( 35 % ) لە نموونەی توێژینەوەکەدا هەندێك جار . بەپێی ئەو ئەنجامەی خراوەتەڕوو ڕوونی دەکاتەوە کە بوونی منداڵێکی ئۆتیزم دەبێتە هۆکاری گۆڕانی پەیوەندیەکانی لەگەڵ دەرەوەدا . کەواتە بوونی تێکچونی منداڵی ئۆتیزم لە هەر خێزانێکدا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی پەیوەندیەکانی دەرەوە وە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان کە ئەمەش هۆکارە بۆ دروست بوونی فەراغێکی زۆر و گۆشەگیری خێزانەکان .

خشتەی (8) کاریگەری منداڵی ئۆتیزم لەسەر کارکردنی دایك و باوك دەخاتەڕوو

| وەڵام | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٠ | ٥٤ % |
| نەخێر | ٦ | ١٦ % |
| هەندێک جار | ١١ | ٣٠ % |
| کۆی گشتی | ٣٧ | ١٠٠ % |

ئەنجامی خشتەی ( 8)  بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی  ( 54 %) لە نموونەی توێژینەوەکەدا  بەڵێیە وە ڕێژەی( 16 % ) لە نموونەی توێژینەوەکەدا نەخێرە وە ڕێژەی  ( 30 %) لە نموونەی توێژینەوەکەدا هەندێك جار . بەپێی ئەو ئەنجامەی خراوەتەڕوو ڕوونی دەکاتەوە کە زۆرینەیان پێیان وایە منداڵە ئۆتیزمەکەیان کاریگەری هەبووە لەسەر کارکردنیان هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ تەرخانکردنی کاتێکی زۆر بۆ منداڵە ئۆتیزمەکەیان. چونکە وا پێویستی دەکات بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە منداڵەکەی هەیەتی پێویستی بەکاتی زیاتر هەیە لەگەڵیدا و وە پێویستی بە ڕێنمایی زیاتر دیاریکردنی کات بۆ بردنیان بۆ سەنتەرەکان .

خشتەی (9) تەرخانکردنی کات بۆ دایك و باوك دەخاتەڕوو

| وەلام | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٦ | ١٦ % |
| نەخێر | ١٩ | ٥١ % |
| هەندێک جار | ١٢ | ٣٣ % |
| کۆی گشتی | ٣٧ | ١٠٠ % |

ئەنجامی خشتەی ( 9)  بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی  ( 16 %) لە نموونەی توێژینەوەکەدا  بەڵێیە وە ڕێژەی( 51 %) لە نموونەی توێژینەوەکەدا  نەخێرە وە ڕێژەی  ( 33 %) لە نموونەی توێژینەوەکەدا  هەندێك جار . بەپێی ئەو ئەنجامەی خراوەتەڕوو ڕوونی دەکاتەوە کە دایك و باوك بەهۆی منداڵە ئۆتیزمەکەیانەوە بەڕێژەیەکی زۆر ناتوانن کات بۆ خۆیان تەرخان بکەن . ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەو تێکچوونەی کە منداڵەکە هەیەتی بەردەوام پێویستی بە چاودێری ورد هەیە لەلایەن دایك و باوکەکەیەوە ناتوانێت فەرامۆشی بکات .

خشتەی (10) کێشە لە پەروەردەکردنی منداڵە ئۆتیزمەکەدا دەخاتەڕوو

| وەلام | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٩ | ٥١ % |
| نەخێر | ٨ | ٢٢ % |
| هەندێک جار | ١٠ | ٢٧ % |
| کۆی گشتی | ٣٧ | ١٠٠ % |

ئەنجامی خشتەی ( 10)  بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی  ( 51 % ) لە نموونەی توێژینەوەکەدا  بەڵێیە وە ڕێژەی( 22 %) لە نموونەی توێژینەوەکەدا  نەخێرە وە ڕێژەی  ( 27 %) لە نموونەی توێژینەوەکەدا  هەندێك جار . بەپێی ئەو ئەنجامەی خراوەتەڕوو ڕێژەی زۆرینەیان کێشەیان هەیە لە پەروەردە کردنی منداڵە ئۆتیزمەکەیان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هۆشیاری دەربارەی تێکچوونی ئۆتیزم و نەبوونی کات تەرخانکردن بۆ منداڵەکانیان وە نەبردنیان لە سەنتەرەکان .

خشتەی (11) بارودۆخی دەروونی خێزانی منداڵی ئۆتیزم دەخاتەڕوو

| وەلام | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٩ | ٧٨ % |
| نەخێر | ٦ | ١٦ % |
| هەندێک جار | ٢ | ٦ % |
| کۆی گشتی | ٣٧ | ١٠٠ % |

ئەنجامی خشتەی ( 11 )  بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی  ( 78 % ) لە نموونەی توێژینەوەکەدا  بەڵێیە وە ڕێژەی( 16 %) لە نموونەی توێژینەوەکەدا  نەخێرە وە ڕێژەی ( 6 %) لە نموونەی توێژینەوەکەدا  هەندێك جار . بەپێی ئەو ئەنجامەی تێبینی کراوە ئەم ئەنجامەش کە خراوەتەڕوو بەڕێژەیەکی زۆر بارودۆخی دەروونی دایك و باوك گۆڕاوە لەکاتی درك کردنیان بەوەی منداڵەکەیان ئۆتیزمیەتی . چونکە بوونی منداڵێك بەو شێوەیە کە تێکچوونی ئۆتیزم بن کاریگەرییەکی نەرێنی هەیە لەسەر بارودۆخی دایك و باوکەکە چ لە ماڵەوە چ لەدەرەوەوبێت بەردەوام هەست بە بێزاری و بێتاقەتی دەروونی و نائومێدی دەکەن بەرامبەریان .

خشتەی (12) هەستی هەڵچوونی دایك و باوك دەخاتەڕوو

| وەلام | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٦ | ٤٣ % |
| نەخێر | ٩ | ٢٥ % |
| هەندێک جار | ١٢ | ٣٢ % |
| کۆی گشتی | ٣٧ | ١٠٠ % |

ئەنجامی خشتەی (12 )  بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی  ( 43 % ) لە نموونەی توێژینەوەکەدا  بەڵێیە وە ڕێژەی  ( 25 %) لە نموونەی توێژینەوەکەدا  نەخێرە وە ڕێژەی  ( 32 %) لە نموونەی توێژینەوەکەدا  هەندێك جار .  بەپێی ئەو ئەنجامەی خراوەتەڕوو بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەیەکی زۆری دایك و باوك هەست بە هەڵچوون دەکەن چونکە ئەم منداڵە کاردانەوەی بۆ شتەکان زۆر جیاوازە وەك لە منداڵێکی ئاسایی چونکە زۆربەی کاتەکانیان بۆ منداڵەکانیان تەرخان کردووە کاتیان بۆ خۆیان نیە تابتوانن بەسەر ئەو هەڵچوون و هیلاکیانەدا زاڵ بن هەر بۆیە هەڵچونەکانیان زۆر دەبێت و توانای زاڵ بوونیان بەسەردا نیە .

خشتەی (13) گۆڕانی بارودۆخی ئابووری خێزانەکان دەخاتەڕوو

| وەڵام | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٥ | ٦٧ % |
| نەخێر | ٤ | ١١ % |
| هەندێک جار | ٨ | ٢٢% |
| کۆی گشتی | ٣٧ | ١٠٠ % |

ئەنجامی خشتەی ( 13 ) بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی ( % 67 ) لە نموونەی توێژینەوەکەدا بەڵێیە وە ڕێژەی ( % 11) لە نموونەی توێژینەوەکەدا نەخێرە وە ڕێژەی ( % 22) لە نموونەی توێژینەوەکەدا هەندێك جار . بەپێی ئەو ئەنجامەی کە خراوەتەڕوو بۆمان دەردەکەوێت بوونی منداڵی ئۆتیزم بەڕێژەیەکی زۆر بۆتە هۆکاری گۆڕانی بارودۆخی ئابوریان . چونکە پێویستیەکانی منداڵەکەی زۆرە ناتوانێت هەمووی بۆ فەراهەم بکات و بیباتە سەنتەرەکان کە ئەمەش پێویستی بە کرێ هاتووچۆ هەیە وە پێویستی بە چاودێری باش هەیە لەم دۆخەدا تێچونەکەیان کەم دەکاتەوە بەشی سەرجەم پێداویستیەکانیان ناکات .

خشتەی (14) سەرچاوەی بژێوی دایك و باوك دەخاتەڕوو

| وەڵام | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | - | - |
| نەخێر | ٣٧ | ١٠٠ % |
| هەندێک جار | - | - |
| کۆی گشتی | ٣٧ | ١٠٠ % |

ئەنجامی خشتەی ( 14 ) بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی ( % 100 ) لە نموونەی توێژینەوەکەدا نەخێرە . بەپێی ئەو ئەنجامەی کە خراوەتەڕوو بۆمان دەردەکەوێت کە نەبوونی سەرچاوەی بژێوی تر و خراپی باری ئابوری بۆتە هۆکاری ئەوەی خێزانەکان بەڕێژەیەکی کەم منداڵەکانیان بنێرنە سەنتەرەکان . سەرچاوەی ئابووری هۆکاری بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیە . کەواتە بەهۆی بوونی منداڵی نەخۆشەوە سەررچاوەی بژێوی دیك و باوکەکە کەم دەکاتەوە بەشی سەرجەم پێداویستیەکانی ژیانیان ناکات .

خشتەی (15) ڕۆڵی سەنتەرەکان لە کەمکردنەوەی ئەرکی سەرشانی دایك و باوك دەخاتەڕوو

| وەڵام | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٣٧ | ١٠٠ % |
| نەخێر | - | - |
| هەندێک جار | - | - |
| کۆی گشتی | ٣٧ | ١٠٠ % |

ئەنجامی خشتەی (15) بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی ( % 100) لە نموونەی توێژینەوەکەدا بەڵێیە . تێبینی کراوە دەریدەخات بەهۆی نەبوونی کەسانی پسپۆڕ لە بوارەکەدا لە نێو سەنتەرەکاندا بەکارهێنانی بەرنامەی سەردەمیانە بۆ ڕاهێنانی ئەم منداڵە ئۆتیزمانە هەموو ئەمانە بونەتە هۆی ئەوەی کە سەنتەرەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبێت لە کەمکردنەوەی ئەرکی سەرشانی خێزانەکان .کەواتە بوونی سەنتەرەکان هۆکارێکی سەرەکیە بۆ کەمکردنەوەی ئەرکی سەرشانی خێزانەکانی منداڵی ئۆتیزم هەر بۆیە پێویستە ئەو خێزانانەی کە منداڵی ئۆتیزمیان هەیە بیان بەن بۆ سەنتەرەکان چونکە لەڕێی سەنتەرەکانەوە ڕێنمایی وشیاری لە پەروەردە کردنی منداڵە ئۆتیزمەکە وەردەگرن و وە سەنتەرەکان دەتوانن هەندێك لەو گرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتیەی کە خێزانەکان هەیانە چارەسەری بکەن لەڕێگەی بەرنامە و چالاکی و ستافەکانیانەوە .

خشتەی (16) خزمەتگوزاریەکانی سەنتەرەکان دەخاتەڕوو

| وەڵام | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٨ | ٨٢ % |
| نەخێر | ١ | ٣ % |
| هەندێک جار | ٥ | ١٥ % |
| کۆی گشتی | ٣٤ | ١٠٠ % |

ئەنجامی خشتەی ( 16 ) بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی ( % 82 ) لە نموونەی توێژینەوەکەدا بەڵێیە

وە ڕێژەی ( % 3 ) لە نموونەی توێژینەوەکەدا نەخێرە وە ڕێژەی ( % 15 ) لە نموونەی توێژینەوەکەدا هەندێك جار . بەپێی ئەو ئەنجامەی خراوەتەڕوو ڕێژەیەکی زۆریان پێیان وایە کە خزمەتگوزاری سەنتەرەکان بەسودە بۆیان کەواتە سوود لە سەنتەرەکان وەردەگرن بۆ بەدەستهێنانی خزمەتگوزاری جۆراوجۆر هکان کە لەلایەن ستافی سەنتەرەکانەوە پێشکەش دەکرێت وە هۆکارن بۆ بەدەستهێنانی کەمکردنەوەی هەڵچونەکانی خێزان .

خشتەی (17) هاوکاری سەنتەرەکان بۆ منداڵی ئۆتیزم دەخاتەڕوو

| ڕێژەی سەدی | دووبارە | وەڵام |
|---|---|---|
| ١٠٠ % | ٣٤ | بەڵێ |
| - | - | نەخێر |
| - | - | هەندێک جار |
| ١٠٠ % | ٣٧ | کۆی گشتی |

ئەنجامی خشتەی ( 17 ) بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی ( % 100 ) لە نموونەی توێژینەوەکەدا بەڵێیە . تێبینی کرا بەهۆی بوونی ڕاهێنانەوەیەکی باشی منداڵانی ئۆتیزم لەنێو سەنتەرەکاندا بۆتە هۆی ئەوەی کە زۆرینەیان هاوکاری سەنتەرەکانیان لا پەسەند بێت , کە ئەمەش هۆکارێکی زۆر باشە بۆ ئەوەی بتوانن لەڕێی سەنتەرەکانەوە ئەو هاوکاریانەیان پێشکەش دەکرێت ئاسودەیان بکات و ڕێنمایی و بەرنامە و پرۆگرامەکانیان سوودیان لێ ببینن وە هۆکارێکە بۆ یارمەتیدانی خێزانەکان و کەمکردنەوەی کێشەکنیان .

خشتەی (18) سوودی بەرنامەی سەنتەرەکان بۆ خێزان دەخاتەڕوو

| ڕێژەی سەدی | دووبارە | وەڵام |
|---|---|---|
| ٩١ % | ٣١ | بەڵێ |
| - | - | نەخێر |
| ٩ % | ٣ | هەندێک جار |
| ١٠٠ % | ٣٤ | کۆی گشتی |

ئەنجامی خشتەی ( 18 ) بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی ( 91 % ) لە نموونەی توێژینەوەکەدا بەڵێیە وە ڕێژەی ( 9 % ) لە نموونەی توێژینەوەکەدا هەندێك جار . بەپێی ئەو ئەنجامەی خراوەتەڕوو بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەیەکی زۆریان پێیان وایە بەرنامەکانی سەنتەرەکان بەسودن بۆ خێزان . کەواتە پێویستە خێزانەکان لەڕێی بەرنامە و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بیان بەن بۆ سەنتەرەکان بە ئامانجی بەسەر بردنی کات و فێرکردنیان لەنێو سەنتەرەکاندا و کەمکردنەوەی ناجێگیری دەروونی دایك و باوکوکان .

خشتەی (19) سوودی ڕێنماییەکانی سەنتەرەکان بۆ خێزان دەخاتەڕوو

| ڕێژەی سەدی | دووبارە | وەڵام |
|---|---|---|
| ٩٧ % | ٣٣ | بەڵێ |
| - | - | نەخێر |
| ٣ % | ١ | هەندێک جار |
| ١٠٠ % | ٣٤ | کۆی گشتی |

ئەنجامی خشتەی ( 19 ) بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی ( 97 % ) لە نموونەی توێژینەوەکەدا بەڵێیە وە ڕێژەی ( 3 % ) ئەندامان هەندێك جار . بەپێی ئەو ئەنجامەی خراوەتەڕوو بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەیەکی زۆر لە ستافی سەنتەرەکان پێیان وایە کە ڕێنماییەکان بەسودن بۆ خێزان . کەواتە دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە خێزانەکان وشیار بکرێنەوە سەبارەت بە سەنتەرەکان و ئۆتیزم بۆ ئەوەی بتوانن لە ڕێگەیانەوە ڕێنمایی وەربگرن لەسەر نەخۆشی ئۆتیزم و پەروەردە کردنی تێکچوو بە ئۆتیزم.

خشتەی (20)

کاتژمێرەکانی مانەوەی منداڵی ئۆتیزم لە سەنتەرەکاندا دەخاتەڕوو

| ڕێژەی سەدی | دووبارە | کاتژمێر |
|---|---|---|
| ٧١ % | ٢٤ | ٤ |
| ٢٠ % | ٧ | ٥ |
| ٩ % | ٣ | ٦ |
| ١٠٠ % | ٣٤ | کۆی گشتی |

ئەنجامی خشتەی ( 20 ) بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی ( 71 % ) لە نموونەی توێژینەوەکەدا ( 4 ) کاتژمێر دەمێننەوە وە ڕێژەی ( 20 % ) لە نموونەی توێژینەوەکەدا ( 5 ) کاتژمێر دەمێننەوە وە ڕێژەی ( 9 % ) لە نموونەی توێژینەوەکەدا ( 6 ) کاتژمێر دەمێننەوە. تێبینی کرا ئەو چەند کاتژمێرەی منداڵەکان دەمێننەوە لەسەنتەرەکان چەند ڕاهێنان و چالاکیان پێ دەکرێت کە تیایدا هەست بە باش بوون بکەن . کەواتە پێویستە منداڵەکان لەم بارودۆخانەدا ببرێنە سەنتەرەکانەوە چونکە لەم توێژینەوەیەدا دەرکەوتووە کە سەنتەرەکان ڕۆڵێکی باشیان هەبووە لەڕاهێنان و بەسەر بردنی کاتی باش بۆ ئەو منداڵانە .

خشتەی (21) بوونی خولی تایبەت بۆ زیادبوونی ئەزموون و شارەزایی ستافی کارکردنی سەنتەرەکە دەخاتەڕوو

| ڕێژەی سەدی | دووبارە | وەڵام |
|---|---|---|
| ٦٥ % | ٢٢ | بەڵێ |
| ٩ % | ٣ | نەخێر |
| ٢٦ % | ٩ | هەندێک جار |
| ١٠٠ % | ٣٧ | کۆی گشتی |

ئەنجامی خشتەی (21 ) بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی ( 65 % ) لە نموونەی توێژینەوەکەدا بەڵێیە وە ڕێژەی ( 9 % ) لە

نموونەی توێژینەوەکەدا نەخێرە وە ڕێژەی ( 26 % ) لە نموونەی توێژینەوەکەدا هەندێك جار . بەپێی ئەو ئەنجامەی کە خراوەتەڕوو زۆرینەی ستافی سەنتەرەکان پێیان وایە کە خولی تایبەت هەیە لەنێو سەنتەرەکاندا بۆ زیادبوونی ئەزموون و شارەزاییان . لەم توێژینەوەیدا بەپێی ئەم خشتانە بۆمان دەرکەوت کە خولی جۆراوجۆریان بۆ دەکرێتەوە بۆ ئەوەی بەردەوام ڕێنمایی و پرۆگرامی نوێ وەربگرن سەبارەت بە ڕاهێنانی منداڵی ئۆتیزم و پەروەردەکردنی .

## تەوەرەی سێیەم – خستەڕوی چاوپێکەوتنەکان

**سەنتەری شین بۆ ئۆتیزم – ناحوکمی**

چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز ( ئاشنا عمر سعید ) بەڕێوەبەر لە سەنتەری شین بۆ ئۆتیزم

من ( ئاشنا عمر سعید ) وەك مامۆستایەك دەرچووی هونەرەجوانەکانم, ماوەی 22 ساڵە مامۆستام, هەروەها ماوەی 10 ساڵ زیاترە لەبواری منداڵانی خاوەن پێداویستی کاردەکەم و خزمەتم هەیە, ماوەی 10 ساڵە بەتایبەت بومەتە ڕاهێنەری ئۆتیزم زیاتر لە 17 خولم بینیوە لەبواری ئۆتیزم لە دەرەوەی وڵات .ژمارەی ستافی کار کردنمان لەسەنتەرەکەدا پێکدێت لە 21 ستاف دوانیان کارگوزارن ئەوانی دیکە توێژەری کۆمەڵایەتی و دەورونی و دەرچووی باخچەی ساوایان پەروەردەی تایبەتیشن, ساڵی دروستبوونی سەنتەرەکەمان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2014 نزیکەی 4 ساڵە کار دەکەین. ئامانجی دروست بوونی سەنتەرەکەمان بریتیە لە یارمەتیدانی منداڵی ئۆتیزم هێنانەوەی بۆ ناو کۆمەڵگە لەگەڵ تێکەڵاو بوونەوەیان بە کۆمەڵگە وە هاوکاری و پشتگیری کردنی خێزانی کەسانی تووش بوو بە ئۆتیزم لەڕێگەی کردنەوەی خولی هۆشیاری و وێرك شۆپەوە , ئامانجێکی ترمان بریتیە لە بەشداری کردنی لە ڕاهێنان و خولەکان لە دەرەوەی وڵات یارمەتی منداڵەکانی پێ دەدەین . بەڵام ئامانجی سەرەکیمان ڕاهێنانەوە و شیانەنەوەی منداڵی ئۆتیزمە بۆ ناو کۆمەڵگە . وە ئامانجمان گەیشتن بە دەستنیشانکردنی ورد و پێش وەختی حاڵەتی ئۆتیزم .هەروەها جێبەجێ کردنی تازەترین بەرنامە و پرۆگرامی تایبەت بە ئۆتیزم . هەروەها ڕاهێنانی ستاف و توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی لەڕێگەی وانە وتنەوە بەشێوەی تیۆری و پراکتیکی وە هاوکاری کردن لەگەڵ قوتابخانەکان بۆ تێکەڵاوکردنی منداڵانی ئۆتیزم کە ئاستیان بەرزە .ژمارەی منداڵەکانمان دیاری نەکراوە لە سەنتەرەکەدا

بەهۆیی باری دارای و ئەو قەیرانانەی کە تیایداین دەگۆڕێت لە ئێستادا ( 37-40 ) منداڵ بوونیان هەیە لەسەنتەرەکەدا و ئەمەش ئەگۆڕێت بەپێی کات وە بەردەوام منداڵی تازەمان بۆ دێت وە منداڵمان هەیەسەفەر ئەکات وە دواتر ئەگەڕێتەوە .کاری ئیداری ڕێکخراوەکەمان ( N G O ) یە وە دەستەی کارگێڕیمان هەیە وە بەشی سەرپرشتیاری هونەریمان هەیە کەوا سەرپەرشتی منداڵەکان دەکەن منداڵەکان دەکەن بۆ ڕاهێنانەوە شیاندنەوەی منداڵەکان لە پۆلەکاندا وە بەشی یارمەتی پشتگیری خێزانمان هەیە وە چالاکی هەموو مانگێ لەهەموو بوارەکاندا دەکرێت کەواتە ئەرکە ئیداریەکانمان دابەش بووە بەسەر ئەمانەی کە سەرەوە باس کرا. بەڵام بەشی ڕاهێنانەوەمان بەردەوامە هەموو ڕۆژێ ( 4 ) کاتژمێر لێرە کاریان پێ دەکرێت بەبەردەوامی لەسەر بەرنامە و پرۆگرامی تایبەت کە لە عێراقدا ئێمە یەکەم ستافین کە کار دەکەین بەو بەرنامە و پرۆگرامانە . هەروەها ئێمەش وەك سەنتەرێك کێشەمان هەیە کە کێشەکانمان بریتیە لە کێشەی قەیرانی دارایی کە خێزان ناتوانێت ئەو بڕە پارەیە بدات کە بۆ ڕاهێنانەوەی پێویستە بەڵام ئێمە لێرەدا وەك ئەرکی ڕەوشتی بڕێکی زۆر داشکاندنمان کردووە بە بڕی( 40% ) بۆ خێزان کە کاریگەری لەسەر باری ئیداری سەنتەر کردووە زۆرجار خۆم وەك بەڕێوەبەرێك موچەم نەبووە لەبەر ئەوەی بە ( 2- 3 ) منداڵ موچەی مامۆستاکە دەرناهێنێتەوە . کەواتە بۆ هەر شوێنێك باری دارایی قورس بێت ئەوا بۆ ئۆتیزم قورس ترە هەم بۆ خێزان و هەم بۆ سەنتەرەکە .ئەمەی کە باسکرا کێشەی سەرەکیمانە . بەڵام لەڕووی بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی منداڵەکان هیچ کێشەیەکمان نیە . وە کێشەیەکی تری سەنتەرەکەمان بریتیە لە بیناکەمان چونکە ئەم بینایە وا دروست نەکراوە کە تایبەت بێت بە منداڵی ئۆتیزم بۆ نموونە دەبێت ڕەچاوی پلیکانە و ژوورەکان و بەرزی و ئاگر و کورسیەکان بکرێت. بەڵام ئێمە وەکوخۆمان کۆمەڵێ کەسەمان بەکارهێناوە تاوەکو ڕێگری بکرێت لەو حاڵەتانە. وە بۆ چارەسەرکردنی منداڵی ئۆتیزم کۆمەڵێ بەرنامە و پرۆگرممان هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ڕەفتاریەکانیان لەماوەی ئەم 4 ساڵەدا لە سەنتەرەکەدا بە دڵنیایی منداڵەکان بەرەو پێشچوونیان بەخۆیانەوە بینیووە وە گەر وانەبێت خێزانەکان منداڵەکانیان ناهێنن بۆ ئێرە وە بوونی , ( 37-40 ) منداڵ لەسەنتەرەکەدا لەم بارودۆخەدا بێ بایەخ نیە .سەبارەت بە کارو چالاکی سەنتەرەکەمان زۆربەیان بریتیە لە شیاندنەوەی منداڵی ئۆتیزم , وە ڕێکخراوەکەمان بەشداری چەندین کۆنفرانس و سیمینارات ئەکات وە ئەگەر لە توانایدا هەبێت خولی بەردەوام بۆ دایکان و باوکان دەکاتەوە هەر ( 3 ) مانگ جارێك خولەکان سەبارەت بە هۆشیاریەکی گشتیە دەربارەی

تێکچوونەکە وە چۆنێتی ڕەفتارێکی تەندروست . وە سەبارەت بە دەستکەوت و پێویستیەکانمان بریتیە لەوەی کە لەڕووی دەروونیەوە پشتگیری خێزان زۆر دەکەین وە خێزان هۆشیار دەکەینەوە لە دەرەوەی سەنتەرەکەش بۆ نموونە ئێمە یارمەتی( 40 )خێزانمان داوە لەنێو ماڵی خۆیاندا ڕاهێنانمان پێ داون بەسەرپەرشتی ڕێکخراوی ( ستێپ ) گە گەورەترین پرۆژەیە بەناوی ( شیاندنی خێزان لەناو ماڵدا ) کە باشترین سوودیان لێ بینیووە هەر خێزانێك ( 6 ) کاتژمێر کاری لەگەڵ کراوە , کە ئەو گەورەترین دەستکەوتە لە هەموو عێراق لەم بوارەدا کە بتوانی 40 خێزان لەناو ماڵی خۆیاندا یارمەتی دراون . وە ئەو منداڵانەشمان هەڵبژاردووە کە لە هیچ سەنتەرێکدا بوونیان نەبووە وە خول مان بۆ توێژەران کە لەنێو باخچەکاندا بۆ ئەوەی بزانرێت کە ئایا منداڵی ئۆتیزمیان تێدایە تاوەکو بەزووترین کات یارمەتی بدرێت . وە چەندین نامیلکەمان ساز کردووە .وە ئێمە لەسەنتەرەکە کار لەسەر ( 37-40 ) منداڵ دەکەین لە سەنتەرەکەدا وە سەبارەت بەکاتژمێرەکانی کارکردن لەگەڵ منداڵەکاندا لە سەنتەرەکەماندا نزیکەی 4 کاتژمێر لە ( 8:30 ) ی بەیانی بۆ ( 12:30 ) نیوەڕۆ کار لەگەڵ منداڵەکان دەکەین وە لە ئێستادا ئەمە جێگیرە و ناتوانین بیکەین بە فول تایم .وەکو ڕۆڵەکانمان ڕۆڵی ئێمە وەك کارکردن لەسەر منداڵی ئۆتیزم بەدڵنیای ڕۆڵێکی پۆزەتیڤانەیە چونکە منداڵەکان زۆر باش بوون و بەرەو پێش چووە وە هەم ڕۆڵی ڕێکخراوەکە ڕۆڵێکی باشی هەبووە چونکە ئەمساڵ زیاتر لە ( 500 ) خێزان ڕووی کردۆتە ئەم سەنتەرە وە زیاتر لە ( 200 ) منداڵ خزمەتکراوە لێرە بۆ نموونە منداڵی وا هەبوو ( 3 ) مانگ لەسەنتەرەکە بووە وە دواتر ڕۆشتووە چونکە بارودۆخی بەرەو باشتر ڕۆشتووە . وە ئەم حاڵەتانە هەمووی دەستکەوتە بۆ سەنتەرەکەمان , وە وەکو یارمەتیدانی ئەو خێزانانەی کە خاوەن منداڵی ئۆتیزمن لە تواناماندا هەیە بەهۆی ئەو شارەزایی و لێهاتووی سەنتەرەکەمان هەیەتی یارمەتی خێزان بدات بەڵام خێزان ئایا چۆن هەڵسوکەوت ئەکات لە ماڵەوە لەگەڵ منداڵەکەی بەپێی ئەوەی پێی وتراوە , وە توانیوومانە ئەو فشارەی کە لەسەر خێزانەکانە لەڕووی دەرونیەوە کەمی بکەینەوە .وە سەبارەت بە کێشەی ئەو منداڵە ئۆتیزمانە کێشەکانیان بریتین لە کێشەی پەیوەندی کردن کێشەی ڕەفتار و کێشەی خەو و خواردنیان هەیە وە هەر منداڵەو هەڵسەنگاندنی خۆی بۆ ئەکرێ و دواتر پلانی تاکەکەسی بۆ دائەنرێت وە کار لەسەر ئەو پلانە دەکرێت . وە سەبارەت بەکێشەی ئەو خێزانانەی کە خاوەن منداڵی ئۆتیزم کێشەکانیان بریتین لە وەکو نەبوونی هاوکاری بۆ ئەم خێزانانە چونکە بەهۆی بوونی ڕفتاری تەنگەژاویانەوە ناتوانی پەیوەندی دروست بکەن لە کۆمەڵگە دائەبڕێن . هەروەها لەڕووی مادییەوە کاریگەریەکی قورسی خستۆتەسەر خێزانەکە وە سەبارەت بە تێکەڵاوی منداڵەکان بەپێی جۆری ئۆتیزمەکە منداڵە کە.

**سەنتەری ڕێدۆزی - ناحوکمی**

چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ( ڕەحمان علی قادر ) بەڕێوەبەر لەسەنتەری ڕێدۆزی ناحوکمی بۆ منداڵی خاوەن پێداویستی دواکەوتنی ژیری دواکەوتن بە گشتی ...

من ( ڕەحمان علی قادر ) وەکو ڕاوێژکار و سەرپەرشتیار و دانانی پرۆگرام و بەرنامەی منداڵانی ئۆتیزم وە منداڵانی دواکەوتنی ژیری و دواکەوتن بە گشتی ( 8 ) ساڵە لەم بوارەدا کار دەکەم وەکو خزمەتی گشتی ( 15 ) ساڵە خزمەتم هەیە لە کەرتی حوکمی . ژمارەی ستافی کارکردنمان پێکدێت لە( 6 ) ڕاهێنەر کە بڕوانامەی زانکۆ و هەندێکیان پەیمانگەیان هەیە کار دەکەن لەگەڵ منداڵەکان . ساڵی دروست بوونی سەنتەرەکەمان دەگەڕێتەوە بۆ ( 2017/1/1 ) دروست بووە لە ( 2017/11/1 ) دەست بەکار بووە وە ئامانجمان چارەسەر کردنی ئەو منداڵانەیە کە گرفتیان هەیە وەك ( ئۆتیزم – بیرکۆڵ – دواکەوتنی ژیری – دواکەوتنی قسەکردن – منداڵی داون – گرفتی هەڵسوکەوت ) . وە سەبارەت بە ژمارەی منداڵەکانمان لەسەنتەرەکەماندا بریتیە لە 17 منداڵ کە ئەو منداڵانەش هەموویان ئۆتیزمیان نیە بەڵکو دواکەوتنی قسە و دواکەوتنی ژیری و بیرکۆڵیان تێدایە . سەبارەت بە کارە ئیداریەکانمان لەبەر ئەوەی ئێرە سەنتەرێکی ناحوکمیە جیاوازە لە سەنتەرە حوکمیەکان لێرە زیاتر کار لەسەر ئەو منداڵانە دەکرێت کە گرفتیان هەیە لەم سەنتەرەدا هەر ستافە و کار لەسەر بەرنامە و پرۆگرامەکان دەکەن کە بۆیان دانراوە کارە ئیداریەکان بریتیە لە سەرپەرشتی کردن و دانانی بەرنامە و پرۆگرام وە پێشوازی کردن لە خەڵك .سەبارەت بە کێشەکانی ئەم سەنتەرە یەکێ لە کێشەکانمان دەست نیشانکردنی ئەو منداڵانەیە کە بەداخەوە زۆربەی ئەو منداڵانە بە وردی دەستنیشان نەکراون کە کێشەکانیان چیە , هەندێ منداڵ بە ئۆتیزم دەست نیشانکراوە کە ڕەنگە ئۆتیزم نەبێت یاخود بەرنامە و پرۆگرامەکانی ئۆتیزمی بۆ بەکار ئەهێنێت کە ڕەنگە سەرکەوتوو نەبێت . سەبارەت بە هەوڵی چارەسەرەکانمان لەسەنتەرەکەدا ئێرە لەبەر ئەوەی سەنتەرێکی ئەهلیە کەرتی تایبەت کاری تێدا ئەکات وە کەرتی تایبەتیش لەڕێگەی ئەو بڕە پارەیەی کە وەری ئەگرێت چارەسەری ئەو کێشانە ئەکەن کە ماددییەکان بن ئەو کێشانەش کە پەیوەندی بەجۆری حاڵەتەکانەوە بێ بەپێی حاڵەت مامەڵەی لەگەڵ ئەکەن .سەبارەت بە کارو چالاکیەکانمان ئەمساڵ سەنتەری ئۆتیزم

لەگەڵ وەزارەتی کار دوو چالاکی ئەنجام داوە لەبواری هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگە لە (4/2) ڕۆژی جیهانی ئۆتیزم . سەبارەت به دەستکەوت و پێداویستیەکانمان ئەو خزمەتانەی کە پێشکەشی خێزانی خاوەن منداڵی ئۆتیزم کراوە لەبەر ئەوەی لەم سەنتەرەدا تەنها منداڵی ئۆتیزمی تیانیە هەموو جۆرێکی تیایە کاتێك کە خێزانەکان ڕوو دەکەنە ئێرە ئەو بەرنامە و پرۆگرامانەی کە بەخێزانێك ئەدرێت جیاوازە لەو بەرنامە و پرۆگرامانەی بە منداڵێ ئەدرێ کە کێشەیەکی کەمی هەیە وە هەر خێزانێك هاتبێتە ئێرە ڕێنمایی کراوە و هاوکاری کراوە . وە لەسەنتەرەکەدا کار لەسەر ( 17 ) منداڵ دەکرێت , سەبارەت بە کاتژمێرەکانی کارکردن لەگەڵ منداڵانی ئۆتیزم لە ( 8:30 ) بەیانی بۆ ( 2 ) پاش نیوەڕۆ ئەمێنێتەوە وە دوو ژەم خواردنیان ئەدرێتێ وە لەگەڵ ژەمی میوە . وە ئێمە وەك سەنتەرێك ڕۆڵێکی پۆزەتیڤمان هەبووە لەبەر ئەوەی جێگایەکە بۆ ئەو خێزانانەی کە نازانن منداڵەکانیان چۆن چارەسەر بکەن . سەبارەت بە یارمەتیدانی ئەو خێزانانەی خاوەن منداڵی ئۆتیزمن ئەو منداڵانەی کە لێرەن بە سیستمێکی نوێ ئەڕۆن بەرێوە وە ڕاپۆرتی هەفتانەمان هەیە هەموو شتەکان بە دۆکۆمێنت ئەکرێت وە منداڵەکان زۆرجار ڤیدیۆ ئەکرێن و دوای ماوەیەك بەراوردیان پێ ئەکرێت لەگەڵ ئەو حاڵەتەی ئێستایاندا کە ئایا چەندێك گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە .

**سەنتەری ئۆتیزمی سلێمانی - حوکمی**

چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ( سروە کاظم عبداللە ) بەڕێوەبەری سەنتەری ئۆتیزمی سلێمانی حوکمی

من ( سروە کاظم عبداللە ) بەڕێوەبەر لە سەنتەری ئۆتیزمی سلێمانی کە سەر بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیە وە (18 )ساڵ خزمەتم هەیە لەم بوارەدا , ژمارەی ستافی کارکردنمان لەنێو سەنتەرەکە ( 11 ) ڕاهێنەرمان هەیە کە کار دەکەن لەگەڵ منداڵەکان دا کە ( 4 ) یان مامۆستان و ئەوانیتر بڕوانامەکانیان جۆراوجۆرە , ساڵی دروستبوونی سەنتەرەکەمان دەگەڕێتەوە بۆ ( 2009 ) دروستکراوە .سەبارەت بە ئامانجەکانی سەنتەرەکەمان چەند ئامانجێکمان هەیە ئامانجمان ڕاهێنان و شیاندنەوە چاودێری منداڵانی ئۆتیزمە .سەبارەت بە ژمارەی منداڵەکانمان لە سەنتەرەکەدا لە ئێستادا ( 11 ) منداڵمان لەلایە لەبەر بچوکی شوێنەکە و کەمی کارمەندەکانمان . هەروەها کارە ئیدارەکانمان بریتین لە سەرپەرشتی کردنی منداڵەکان و وە سەرپەرشتی کردنی ستافەکە و دانانی بەرنامە و پرۆگرام و خشتەی ڕۆژانە و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵەکاندا .وە کێشەکان لە سەنتەرە حوکمیەکاندا زیاتر لەبەر کەمی ستاف و بچووکی شوێنەکەیە بەهۆی بوونی منداڵێکی زۆرەوە وە توانای دارایی و مرۆییەکان زۆر ڕێگر و سنوردارن . وە دەربارەی هەوڵی چارەسەری لە سەنتەرەکەماندا هەوڵی چارەسەرکردن ئەوەیە کە ئەم سەنتەرە بە وەزارەتی کار ناڕوات بەڕێوە ئەبێت بچێتە ناو پەروەردەوە و وە منداڵی ئۆتیزم تێکەڵی منداڵی ئاسایی بکرێت لەنێو خوێندنگەکاندا .

وە کاروچالاکیەکانمان لەسەنتەرەکەدا بەهۆی بچووکی سەنتەرەکە و کەمی ستافی کارکردن چالاکیەکان زۆر سنوردارن بەڵام زۆرجار لە ڕۆژی جیهانی ئۆتیزمدا چالاکی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە ئیشی لەسەر دەکرێت وە چاوپێکەوتن و بەرنامە تەلەفزیۆنیمان زۆرە وە ئەو منداڵانەی لای خۆمانە ماوەی جارێ ئەیانبەینە دەرێ سەیرانێکی بچوکیان پێ ئەکەین وە لە هەمان کاتدا خولمان هەیە بۆ خێزانەکان .

سەبارەت بە دەستکەوت و پێویستیەکانمان وە یارمەتیانەی پێشکەشی خێزانی منداڵی ئۆتیزم کراوە ئەو کاتەی کە سەنتەری ئۆتیزمی سلێمانی دامەزرا بەنزیکی (20-25 ) منداڵ هەبووە لە سلێمانیدا کە لە ئێستادا ڕەنگە ( 500-600 ) منداڵمان هەبێت وە ئاماری دڵنیاییمان لەبەر دەستدا نیە ئەو خێزانانەی لای ئێمەن جگە لەوەی کە ڕێنمایی ئەکرێت لە سەنتەرکە منداڵەکان ئەهێڵرێنەوە بێ دایك و باوکیان کە بە پێچەوانەی هەندێ سەنتەرەوە کە منداڵەکان هەفتەی یەك ڕۆژ دەوام دەکەن دایك و باوکی لەگەڵ دایە بۆ ماوەی ( 1 ) کاتژمێر , وە لەسەنتەرەکەدا کار لەسەر ( 11 ) منداڵ دەکەین وە دەوامی ئاساییمان ( 8:00 ) بەیانی بۆ ( 12:30 ) نیوەڕۆ .وە سەبارەت بە ڕۆڵەکانمان بوونی سەنتەرێکی ئاوا گرنگە چونکە لە ( 2009 ) ڕێژەی ئۆتیزم کەم بوو بەڵام لە ئێستادا لە زیادبووندایە بێگومان لێرەدا ڕۆڵێکی پۆزەتیڤی هەیە چونکە خەڵکێکی زۆر هەیە منداڵەی دەست نیشان کراوە بە ئۆتیزم بەڵام نازانێ ڕوو بکاتە کوێ , بەڵام ڕۆڵە نێگەتیڤەکەی بریتیە لەوەی کە وەزارەتی پەروەردە خۆی پێ دەنگ کردووە و کە ئەم سەنتەرە حوکمیانە تەنها بە وەزارەتی کار ناڕوات بەڕێوە . وە هەتا بتوانرێت یارمەتی زۆرینەی ئەو خێزانانە دراوە کە خاوەنی منداڵی ئۆتیزمن لەڕووی بەرنامە و پرۆگرام و ڕێنماییەوە .

**ئەنجامی توێژینەوەکە**

لەدوای کۆکردنەوەی زانیاری لە فۆڕمەکان و دەستکەوتنی ڕێژە لە خشتەکان و گەیشتین بە دەرئەنجامی توێژینەوەکە کە پێکدێت لە چەند خاڵێك :-

1- لە دەرئەنجامی خشتەی ( 3) بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی (% 40 ) دایکەکان کە خاوەن منداڵی ئۆتیزمن خوێندەوارن و بڕوانامەی ( دبلۆمیان ) هەیە ئەوەش کاریگەری زۆری هەیە لەسەر هۆشیاری دایکەکە لە پەروەردە کردنی منداڵە ئۆتیزمەکەی .

2- لە دەرئەنجامی خشتەی (4 ) بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی ( % 81 ) دایك و باوکەکە پەیوەندی خزمایەتیان نیە کەواتە لێرە بۆمان دەردەکەوێت کە بۆماوەیی زاڵ ترە لە تووشبوون بە تێکچوونی ئۆتیزم بەبەراورد بە پەیوەندی خزمایەتی .

3- دەرئەنجامی خشتەی ( 5 ) بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی ( % 46 ) خێزانەکان بەهۆی جیاوازی ئاستی داهاتی مانگانەیان هۆکاری سەرەکیە بۆ بێبەشبوونی منداڵی ئۆتیزم لەنێو سەنتەرەکاندا .

4-لە دەرئەنجامی خشتەی ( 6 ) بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی ( % 73 ) خێزانەکان بوونی منداڵێکی ئۆتیزم لەنێویاندا نەبووەتە هۆی گۆڕانی پەیوەندی لەگەڵ منداڵەکانی تر .

5- لە دەرئەنجامی خشتەی ( 7 ) بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی ( % 35 ) خێزانەکان بەهۆی منداڵە ئۆتیزمەکەیانەوە پەیووەندیان لەگەڵ دەرەوە و چوارچێوەی خێزاندا گۆڕاوە .

6- لە دەرئەنجامی خشتەی ( 8) بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی ( % 54 ) خێزانەکان بوونی منداڵە ئۆتیزمەکەیان کاریگەری هەبووە لەسەر کارکردنیان لەدەرەوەدا .

7- لە دەرئەنجامی خشتەی ( 9 ) بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی ( % 51 ) خێزانەکان ناتوانن کات بۆ خۆیان تەرخان بکەن بەهۆی بوونی منداڵێکی ئۆتیزمەوە .

8- لە دەرئەنجامی خشتەی ( 10) بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی ( % 51 ) خێزانەکان بەهۆی نەبوونی زانیاریەکی ئەو تۆ لەسەر تێکچوونی ئۆتیزم کێشەیان هەیە لە پەروەردە کردنی منداڵە ئۆتیزمەکەیاندا .

9- لە دەرئەنجامی خشتەی ( 11) بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی ( % 78 ) خێزانەکان بەهۆی درك کردن بە تێکچوونی ئۆتیزمی منداڵەکەیان لەڕووی دەروونیەوە بارودۆخیان گۆڕاوە.

10- لە دەرئەنجامی خشتەی ( 15 ) بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی ( % 100 ) خێزانەکان بەهۆی بوونی خزمەتگوزاریەکی باش لە سەنتەرەکاندا پێیان وایە کە سەنتەرەکان ڕۆڵیان هەبووە لە کەمکردنەوەی ئەرکی سەرشانیان .

11- لە دەرئەنجامی خشتەی ( 16) بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی ( % 82 ) ستافی سەنتەرەکان پێیان وایە کە خزمەتگوزاریەکانی سەنتەرەکان بەسوودە خێزان

12- لە دەرئەنجامی خشتەی ( 17) بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی ( % 100 ) ستافی سەنتەرەکان پێیان وایە کە سەنتەرەکان هاوکاری منداڵەکان دەکەن .

13- لە دەرئەنجامی خشتەی (18 ) بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی ( % 91 ) ستافی سەنتەرەکان پێیان وایە کە بەرنامەکانی سەنتەرەکان بەسوودن بۆ خێزان .

14- لە دەرئەنجامی خشتەی ( 19 ) بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی ( % 97 ) ستافی سەنتەرەکان پێیان وایە کە ڕێنمایی سەنتەرەکان بەسودن بۆ خێزان .

15- لە دەرئەنجامی خشتەی (20) بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی (% 65) ستافی سەنتەرەکە بەهۆی خولی تایبەتەوە لە سەنتەرەکاندا ئەزموون و شارەزاییان زیادی کردووە.

## دەرئەنجامی توێژینەوەکە

لەدوای کۆکردنەوەی زانیاری لە فۆرمەکان و چاوپێکەوتنەکان وە جێبەجێکردنی کارە مەیدانیەکان گەیشتن بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە هەریەك لەم خاڵانەی خوارەوە ریزدەکەین بەمەبەستی وەڵامدانەوەی ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

یەکەم /سەبارەت بە ناساندنی سەنتەری ئۆتیزم بە کۆمەڵگەی کوردی و ئەو خێزانانەی کە منداڵی ئۆتیزمیان هەیە لەشاری سلێمانی لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا بۆمان دەرکەوت بەهۆی کۆکردنەوەی زانیاری بەشێوەی ورد دەربارەی سەنتەرەکان لە پارێزگای ( سلێمانی ) بەسەردانیکردنێکی ڕاستەوخۆ , وە سودبینین لە سەرچاوەکان وە دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی بەسەر ئەو خێزانانەی کە خاوەنی منداڵی ئۆتیزمن , گەیشتن بە بەدیهێنانی ئەم ئامانجەمان .

دووەم /سەبارەت بەخستنەڕووی ئەو کێشانەی کە سەنتەرەکان پێوەی دەناڵێن لەکاتی چاودێریکردنی ئەو منداڵانەدا . لەڕێگەی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەرانی سەنتەرەکاندا لەڕێی زاری خۆیانەوە ئاماژەیان پێدا کە سەرجەمیان بەدەست چەند کێشەیەکی هاوبەشەوە دەناڵێنن کە ئەو هاوکێشانەش بریتین لە کێشەی دەستنیشانکردنی ئۆتیزم و کێشەی خراپی باری دارایی بەهۆی بوونی قەیرانەوە لەم چەند ساڵەی دواییدا , وە نەگونجاندنی شوێنێکی شیاو وەك بینایەك کە بە تایبەت دروستکرابێت بۆ پاراستنی منداڵانی ئۆتیزم بەشێوەیەکی گونجاو .

سێیەم /سەبارەت بە کۆتا ئامانجمان کە دەرخستنی ڕۆڵی سەنتەری چاودێری منداڵانی ئۆتیزم لە کەمکردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتیەکانی خێزانی منداڵی ئۆتیزم . کە گەیشتین بەوەی کە سەنتەرەکان هاوکاری و پشتگیری کردنی خێزانی کەسانی توش بوو بە ئۆتیزم دەکەن لەڕێگەی کردنەوەی خولی هۆشیاری و ۆرك شۆپەوە , وە پێدانی چەندین بەرنامە و پرۆگرامی تایبەت بە خێزان بۆ مەبەستی ڕێنمایی کردنی لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵە ئۆتیزمەکانیان لەماڵەوەدا لەڕێگەی پەیرەوکردنی سیستمێکی نوێوە. وە هەروەها هۆشیار کردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە سەبارەت بە تێکچوونی ئۆتیزم بۆ ئەو خێزانانەی کە خاوەنی منداڵی ئۆتیزمن بۆیە لەکاتی تێکەڵاوبوونیان بە خەڵك بەچاوێکی دیکە سەیر دەکرێن .

## راسپاردەکان:

پاش خستنەڕووی ئەنجامی توێژینەوەکە کەم وکورتیەکانی دەرکەوت لە ڕۆڵی سەنتەرەکانی ئۆتیزم لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی منداڵی ئۆتیزم لە هەرێمی کوردستاندا بۆیە پێویستە چەند ڕاسپاردە و پێشنیارێك بخرێتەڕوو, وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی تەندروستی و وە سەنتەرەکانی ئۆتیزم بە هەردوو بەشی حوکمی و نا حوکمی لە پارێزگای سلێمانی بەمەبەستی نەهێشتنی یان کەم کردنەوەی ئەم کەموکوڕیانە وە هەوڵ بدرێت پەرە بە لایەنە باشەکانی ڕەوشی منداڵی ئۆتیزم بدرێ لەنێو سەنتەرەکاندا:

1-پێویستە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە هەوڵ بدەن سەنتەری ئۆتیزم لەم تێکەڵاوبوونە جیابکەنەوە لەنێوان خۆیاندا چونکە سەنتەری ئۆتیزم لەنێوان وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی پەروەردە تێکەڵاو بووە کە لەم نێوەندەدا منداڵی ئۆتیزم زەرەرمەند بووە.

2-پێویستە وەزارەتی تەندروستی لیژنەیەکی وردبینی دەستنیشانکردنی ئۆتیزم پێکبهێنێت . چونکە دەستنیشانکردنی تەواو نیە کە بیسەلمێنێت ئەو منداڵە ئۆتیزمی هەیە یاخود نا ئەمەش دەبێتەهۆی نیگەرانی و سەرلێشێوانی ئەو خێزانانەی کە خاوەن منداڵی ئۆتیزمن .

3-زیادکردنی ژمارەی ڕاهێنەرانی ئۆتیزم و پسپۆڕی لەو بوارەدا لەسەنتەرەکانی ئۆتیزمی هەرێمی کوردستاندا بە هەردوو بەشی حوکمی و ناحوکمی بۆ ئەوەی بتوانن لە ئاستی چارەسەرکردنی کێشەکانی منداڵانی ئۆتیزمدابن چ لە سەنتەرەکە و یان لەدەرەوەی سەنتەرەکەدا وە هەوڵ بدرێت خولی تایبەتیان بۆ بکرێتەوە بەمەبەستی بەهێزکردنی ڕۆڵی ڕاهێنەری ئۆتیزم .

4-پێویستە سەنتەرەکانی ئۆتیزم لەپێناو بەدەستهێنانی ئارامی و دڵنیایی پاراستنی منداڵانی ئۆتیزم لە سەنتەرەکاندا هەوڵ بدەن بینایەکی شیاو دروست بکەن کە لەگەڵ ئامانجەکانی سەنتەرەکاندا یەك بگرێتەوە .

## پێشنیارەکان :

1-پێویستە چەندین ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی و مەیدانی لەسەر ڕۆڵی سەنتەرەکان ئەنجام بدرێت بەهۆی گرنگی ئەم بابەتە بەمەبەستی ئاشنابوون لە ژیان و ڕەوشی چاودێری کردنی منداڵانی ئۆتیزم لەناو سەنتەرەکانی ئۆتیزمدا .

2-هەر توێژەرێك لەدوای ئێمە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی توێژینەوە سەبارەت بەو ڕۆڵی سەنتەرەکانی ئۆتیزم پێویستە لێکۆڵینەوەی زیاتر بکات بەمەبەستی گەیشتن بەو ئامانجەی کە ئێمە لە کۆی توێژینەوەکەمان درکمان پێی نەکردووە .

3-گرنگی پێداویستیەکانی منداڵی ئۆتیزم و دابینکردن بۆیان لە سەنتەرەکانی هەرێم لەلایەن وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی پەروەردەوە .

4-ڕەچاوکردنی بارودۆخی خێزانەکان لە کەمکردنەوەی ئەو بڕە پارەیەی کە مانگانە بەرامبەر بە ڕاهێنانەوەی هەر منداڵێکی ئۆتیزم وەردەگیرێت .

## سەرچاوەکان


1 د.ابراهيم مدكور , معجم العلوم الاجتماعية الهيئة المصرية العامة الكتاب , 2009 .

2-جين غوردن , التوحد تخلف عقلي أم خلل نمائي سلوكي , ترجمة و تعريف ممصوعة علامة , دار القلم , بيروت2017. .

3-د.ابراهيم عبدالله فرج الزريقات , التوحد الخصائص والعلاج , دار الوائل الطباعة الطباعة والنشر , عمان –الاردن , 2004 .

4-كولية البراون, روخوش غريب, اجب علي اسئلتي ماذا – كيف – اين – متي – من؟ , ط 1 , دار النشر والطبع قانع, سليمانية , 2006 .

5-د.كرستين نضار – د.جانيت يونس , التوحد , ط 4 , شركة المطبوعات للتوزيع والنشر س.م.ل , بيروت – لبنان , 2015 .

6-نايف بن عابد ابراهيم الزارع , قائمة تقدير السلوك التوحدي , ط 1, دار الفكر للنشر والتوزيع , عمان – الاردن, 2005 .

7-علي عبدالرحيم صالح , مدخل الي دراسة التوحد , ط 1 , طباعة نشر توزيع , ديمشق , 2012

8-أ.د.عادل عبدالله محمد , مدخل الي اضطرب التوحد :النظرية والتشخيص واساليب الرعاية , ط 1 , الدار المصرية اللبنانية , القاهرة , 2014 .

9-الاستاذ خليل البواب , الموسوعة النفسية , ط 1 , دار اليوسف , بيروت - لبنان , 2004– 2005 .

10-د.محمد احمد خطاب , سيكولوجية الطفل التوحدي تعريفها – تصنيفها – اعراضها – تشخيصها اسبابها التدخل العلاجي , ط 1 , مكتبة دار الثقافة , عمان , 2005 .

11-د.أحمد سليم النجار، التوحد واظطرب السلوك، ط 1، ودار المشرق الثقافي، الاردن-عمان، 2006.

12-عبدالباسط محمد حسن , اصول البحث الاجتماعي , ط 3 , مكتبة الانجلو مصرية , القاهرة 2006 .

13-د.عصمت عبدالمجيد بكر , مدخل الي البحث العلمي , دار الشؤن الثقافية العامة , بغداد 2001 .

14-عبدالحميد عبدالمجيد البلداوي , اساليب البحث العلمي والتحليل الاحصائي , دار الشروق , عمان , 2004.

15-د.حسن ياسين طعمة, اساليب الاحصاو التطبيقي, دار الصفا للنشر, عمان , 2009م.

16-د.عبدالخالق محمد عفيفي, منهجية البحث العلمي في الغدمة الاجتماعية مدخل متحدد المعاور , مكتبة المصرية للنشر , مصر , 2010.

17-د.فوزي عزابية و د.نميم دهمش واخرون, اساليب البحث العلمي في علوم الاجتماعية والانسانية, دار للنشر , عمان – الاردن , 2008 .

18-د.عبدالله فلاح المنيزل و د.عايش موسي عزابية, الاحصاو التربوي – تطبيقات باستخدام الرمز الاحصائية للعلوم الاجتماعي, دار السيرة للنشر, عمان – الاردن, 2006.

19-د.احسان محمد الحسن و عبدالمنعم الحسني, طروق البحث الاجتماعي, وزارة التعليم العالي والبحث العلمي, دار كتب, جامعة موصل, 2012.

20-ڕەحمان علی, ئۆتیزم و خێزان, چاپی دووەم, چاپخانەی هاوار, سلێمانی, 2013.
21-پەروین خدر إبراهیم . ماجید نووری، تیشکە نیگایەك بۆ (منداڵی ئۆتیزم) ، چاپی یەکەم،چاپخانەی خانی، دهۆك،2008.
22-د.افرام محمد احسن، دەروازیەك بۆنەخۆشیە دەروونی وهۆشمەندییەکان لەگەڵا هەندێك لەنەخۆشیەکانی دەمار، چاپی سێیەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، 2012.
23-چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز (ڕەحمان علی), ڕاوێژکار و سەرپەرشتیار و دانانی پرۆگرام و بەرنامەی منداڵانی ئۆتیزم – منداڵانی دواکەوتنی ژیری – دواکەوتن بەگشتی, 2018/3/12, کاتژمێر 12:27 نیوەڕۆ
24-عمر علی أحمد، ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەپاراستنی مافەکانی ژندا، زانستە مرۆڤایەتییەکان، سلێمانی، کۆمەڵناسی، 2012.
25-شوان محمد حمزه - ڤانیا انور عبدالله – شڤان بهاوالدین محمد - فرمان حسن قادر – هەوار عمر محمد , تایبەتمەندییە ژیری و دەرونی و کۆمەڵایەتەیەکانی منداڵی ئۆتیزم لەڕوانگەی خێزانەوە , سکوڵی پەروەردە چەمچەماڵ , زانکۆی چەمچەماڵ , بەشی پەروەردە و دەرونزانی , 2013 .
26-د.محمد علی کامل، الاوتیزم (التوحد) الاعاقه الغامضة بين الفهم والعلاج، 2005 .
27-www.chawdernews.com/19/7/2017
28-www.nrttv.com/4/4/2016